**صەباحی غالیب**
**لەئینگلیزیەوە کردوویەتییە کوردی و پەراوێزی بۆ نووسیوە**

# کارەساتی کوردەکان *
# نووسینی هێنری کیسینگەر«۱»

## بنەمای نەخشەکە

دۆستەکانی ئامریکا لەبەهاری ١٩٧٥ دا ئەوەندە بەختەوەر نەبوون ئاسمانەکان زەردەخەنەیان پێشکەش بکەن. لەوکاتەدا کە کۆنگرێس دەستبەرداری هیندی چینی"٢" بوو تا ببنە کۆیلەی کۆمۆنیستەکان. شای ئێران کوردەکانی عێراقی بێپشتیوانی و بێبەرگری بۆ ڕژێمی توند ڕەوی بەغدا بەجێهێشت. ئەو دەمە ، هێشتا بە ڕەسمی سەرکردایەتی عێراق لە ئەستۆی سەددام حسێندا نە بوو.

هاوکاری وولاتە یەککگرتووەکانی ئەمریکا بۆ کوردەکان دەگەڕێتەوە بۆ ١٩٧٢ . بە بەراورد بە هیندی چینی ، دەست تێوەردانمان لەگەڵ کوردەکاندا ، بایەخێکی ئەوتۆی نە بوو. لە ١٩٧٥ دەتوانرا هیندی چینی لەتێکشکان بپارێزرێ ، بەوەی گەلەک هۆکار هەبوون هاوپەیمانەکانمان چاوەنوارمان بوونایە ، پاراستنی کوردەکان پێویستی بەوە بوو بەرەیەک لە شاخەکانی نزیک بە سنووری یەکێتیی سۆڤیەت پێک بهاتایە ،

* Kissinger, Henry - Years of Renewal, The concluding Volume of His Memoris, Simon & Schuster, New York, 1999

کارەساتی کوردەکان » بەشێکی تایبەتە لە بەرگی سێهەمی یادداشتەکانی هێنری کیسینگەر، لە لاپەڕە ٥٧٦ تا ٥٩٦ ی گرتۆتەوە.

## صەباحی غالیب

کردنەوەی دەرکەیەکی گرنگ و بایەخدار لەهەمان کاتدا ئەنجام پێشبین نەکراو بەر پرسیارێتیکی سەخت بوو بۆ ئێمە. لە کاتێکدا هیندی چینی هەرەسی دەهێنا ، پێوەندی ڕۆژهەڵات – ڕۆژئاوا لە لاوازیدا بوو ، گفت و گۆی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بن بەست بوو... هەموو ئەوانە بزوتنەوەیەکی نهێنی دەخواست ، بەڵام کۆنگرێس باوەڕی بە بیرۆکەیەکی گشتی وانەبوو کەبتوانێ ئەنجامێکی بایەخدار و چاک وەدەست بهێنێ.

بەهەرحاڵ ، لە چەند مانگێکدا چارەنووسی کوردەکان بووە دیاردەیەک لەو دیاردانەی کە خەڵکە خۆشبینەکانی ١٩٧٠کان ڕەخنەی توند لە فرە هیوایی و بەرچاو ڕوونی خۆیان لەسەرەتای ١٩٦٠ کان بگرن. لیژنەکانی کۆنگرێس ڕازی نەبوون کارگێڕێتی نیکسن«٣» Nixon Adminstration لەگەڵ کوردەکاندا بۆ هێنانەدی ئۆتۆنۆمی هاوکاریان بکا ، هەروەها هێرشیان دەکردە سەر کارگێڕێتی فۆرد «٤» Ford Administration بەوەی وای نەکرد شا دەست لە هەوڵدانی هاوبەشی کوردەکان هەڵبگرێ ، ئەو کەین و بەینەی کۆنگرێس یەکێک لەو ڕێگایانە بوو کە گەورە کاربەدەستانی ئامریکایی خۆیانیان پێدەپەڕاندەوە لەدەستهەڵگرتنیان لەهیندی چینی ، چونکە تاوانەکەیان دەخستە ئۆباڵی کۆنگرێس نەک خۆیان. کارەساتی کوردەکان لە ڕووی مێژوو – جوغرافیاوە لە لایەن دوژمنانیانەوە بە فراوانی کەڵکی لێوەرگیراوە، دەستی بەسەردا گیراوە ، دابەشبوونی باوەڕی دەوڵەتی ئێمەش بەرامبەریان ئازار و چەوساندنەوەیانی زۆرتر کردووە. نەتەوەی کورد لە ئێستادا لەسەروو ٢٥ ملیۆنەوەیە ، چەندان سەدەیە قوربانی ڕووداوەکانن. لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانی و پەیدابوونی دەوڵەتانی نیشتمانییەوە لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئەمان خۆیان بەدابەشکراو بینیوەتەوە بەسەر ئێران ، عێراق ، سوریا ، تورکیا و سۆڤیەتی پێشوودا. کوردەکان بەڵێنی دەوڵەتی سەربەخۆیان پێدرا بوو ، بەڵام لەدوای جەنگی یەکەم کاتێک ئەوروپاییەکان سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیان کێشا ، داخوازی چارەنووسی نیشتمانیی کوردەکانیان پشتگوێ خست. لەودەمەوە خەبات و ئاواتی نەتەوەیی کوردەکان بۆ بەربەرەکانی یەکێتیی یەک پارچەیی وڵاتە داگیرکەرەکانە. ئەوانیش لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئامریکادا لەپێوەندییەکی ئیحتیمالیدان ، لەوانە : تورکیا ، هاوپەیمان و دۆستمانە ، عێراق ، ئارەزووی دوژمنایەتی هەیە ، ئێران ؛ جیاواز بووە ، دۆست و دوژمن بووە ، لەکاتێکدا سوریا خۆی بە بێ لایەن ناساندووە ، وڵاتانی دیکەی ناوچەکە وەک ئیسرائیل و ئوردن جار جارە بە هۆی جیۆسیاسییەوە بۆ لاوازکردنی دوژمنەکانیان دەستیان وەرداوەتە کاروباریانەوە بەتایبەتی هی عێراق.

دەستتێوەردانی ئامریکا هەردوو بنەمای ئایدیولۆژی و ستراتیژی هەبووە. شێوە نەرێت و باوەکەی ویلسن «٥» Wilsonian Tradition بۆ پشتیوانی مافی چارەنووسی نەتەوەکان پاڵی بەئێمەوە دەنا.

لەهەمان کاتدا مەسەلەی ستراتیژییەت کە ناو بەناو کێشەی سیاسی وای دەهێنایە کایەوە ، سنوورەکانی بەڵێنی ئەخلاقی لەناوچەیەکدا زۆر لاواز دەبوون و نەدەتوانرا بێنەدی ، بایەخی ناوچە کوردییەکان لەنێوان وڵاتەکاندا بەقووڵی کاردەکاتە سەر بەرژەوەندی نەتەوەیی ئامریکا ، چۆن دەتوانرێ هاوکێشەیەکی

لەبار لەنێوان وزەو توانستی کورد بۆ وەدیهێنانی ئاواتەکانی و گرنگی پێنەدان و دەستبەرداربوونیان بدۆزرێتەوە ، لەناوچەیەکدا کەناوەندی ستراتیژی وکانگای نەوتە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کەنداوی فارسدا .

یەکێک لە فاکتەرە ئاڵۆزەکانی هاوکاری ئامریکا بۆ کورد ئەوە بوو کە دەبوایە لەڕێگای یەکێک لە وڵاتە هاوپەیمانەکانمانەوە ئەنجام بدرێ ــ ئێران لەسەردەمی فۆرددا ــ ، تورکیا لەسەردەمی کلینتندا- Clin- ton ، ئەو وڵاتانە هەردووکیان ، هاوبەشی ئامانجی ئامریکا بوون کەتا خاڵێکی دیاری کراو نەهێڵن کۆمۆنیست یا ڕژێمێکی خراپ دەست بەسەر ناوچە کوردیەکاندا بگرێ. نە ئێران لە ١٩٧٠ دا نە تورکیا لە ١٩٩٠ دا کەمترین بەرژەوەندییان لەوەدا نەبوو کەببین بڵێسەی ڕاپەڕینی کوردە نەتەوەییەکان بگاتە خاڵێک، دانیشتوانیان لەژێر ئالایەکدا بەرەو ئامانجێکی یەکگرتوو کۆبکاتەوە یا دەوڵەتێکی کوردی دابمەزرێنن . لەهەمان کاتدا ئەو دوو وڵاتە بەناوەندی ستراتیژی ئامریکا دەزانران.

خۆنەبواردن و مامەڵەی هاوکێشە دژەکانی شێوەی تێکەڵاوی و قوڵایی تەقەلای ئامریکاییەکانی لە ناوچە کوردییەکانی عێراقدا دیاری دەکرد. وڵاتە دراوسێکانی وەک تورکیاو ئێران بەو مەبەستە یارمەتی کوردەکانیان دەدا تاخۆیان لەگێچەڵی عێراق بپارێزن. بۆیە بەهیچ شێوەیەک ئامادەی ئەوە نەبوون کە دروستبوونی دەوڵەتێکی نیشتمانی کوردی لە ئامێز بگرن. بەهەمان پێوانە نە کارگێڕێتی نیکسن Nixon Administrationنە فۆردFord نە بوش Bush- یا کلینتن هەرگیز پشتیوانیان لەسەربەخۆیەتی کوردەکانی عێراق نەکردووە. ئەوەی داوا دەکرا ، قبوڵکردنی ئۆتۆنۆمییەک بوو کە یەکێتی خاکی عێراق بپارێزرێ ، ترسان لەوەی کە پارچەبوونی عێراق دەیان ساڵ ئاژاوە بە جێ بهێڵێ بەوەی کە دراوسێکانی شەڕ لەسەر تالانکردنی بکەن ، بەتایبەت دوای ئەوەی ئێران بەسەرکردایەتی ئایەتوڵڵا خومەینی بووە دەوڵەتێکی دوژمنی سەرسەخت و دەمارتوند ، پاراستنی یەکێتی خاکی عێراق بووە هێزێکی تەریبی لەبەرامبەر چاوچنۆکی ئێرانیەکاندا .

ئامانجی پاراستنی زۆرانبازییەکان لەناوچەکەدا ، نائومێدی و بگرە کارەسات دروستکردن بوو بۆ کوردەکان ، ئەوەبوو لەمارتی ١٩٧٥ دا ئێران و عێراق پەیمانێکیان «٦» بەست و ئۆتۆنۆمی کوردەکان لەبەرخاتری بەرژەوەندی دوو دەوڵەتی دراوسێ تەفروتووناکرا. هەمان کارەسات لە ١٩٩٦ یشدا دووبارە خۆڵی کردەوە بەسەریاندا،کاتێک ئۆتۆنۆمی کوردەکان کەبە سەرپەرشتی ئامریکاییەکان لەدوای شەڕی کەنداوی ١٩٩١ بۆیان پێکهاتبوو ، سەددام حسێن بایەخی کەم کردەو تەخت و بەختی تێکدا، دیارە ئەمە بەوە ئەنجامدرا کە لایەنێکی کورد بەهاوکاری سەددام لایەنە هاوکارەکەی ئامریکای تێکشکاند. بە باوەڕی من کارگێڕێتی فۆرد Ford Administration زەمینەیەکی چاکتری هەبوو لە کلینتن بۆ ئەوەی بەڵێنی گەورەتریان نەداتێ. بەهەرحاڵ هەردووکیان دوور بوون لەوەی پەیمانێکی دیاریکراو بدەن و بەرژەوەندی ئێمە لەناوچە دوورە دەستەکانی کورددا ئاڵۆز بکەن.

وەک وادەزانرێ ، کارگێڕێتی نیکسن و فۆرد ، پشتیوانی دەرەوەیان دروست نەکردووە بۆ ئەوەی ئاواتی ئۆتۆنۆمی کوردەکان بێتەدی ، بەڵام هەردووکیان بۆ یەکەم جار و ڕاستەوخۆ بەماڵ و دارایی

لەخزمەتیاندا بوون. لەبەر ئەوەی ئێمە یارمەتی میللەتێکمان دەدا دژی دەوڵەتێکی سەربەخۆ ، هاوکات لەبەرئەوەی وولاتانی دیکە تایبەت ئێران و ئیسرائیل دەستیان خستبووە کاروباری ئەوانەوە دەبوایە مەسەلەکە لەو ناوچەیەدا لەنێوان ئاشکرایی و دیبلۆماسیدا پەردەی بەسەردا بدرێ.

دەستێوەردانی ڕاستەوخۆی ئێمە لەگەڵ کوردەکاندا لە بنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ سەردانەکەی نیکسن بۆ تاران لە ئایاری ١٩٧٢ دا کەدوا بەدوای کۆبوونەوەی بەرزی نیکسن و برجنیف ـBrezhnev بوو لە مۆسکۆ. هەفتەیەک میوانداری و ئاهەنگی خۆشبوونەوە و دەرکە کردنەوەی پێوەندی هەردوولا لەکریملین ـ Kremlinنەبوونە گۆڕینی ستراتیژییە سەرەکییەکانی نیکسن ـ هەر لەوبارەوە بۆ هاندانی ئاساییکردنەوە و خۆشبوونەوەی پێوەندییەکانمان ، نیکسن لەوەدەستهێنانی زۆرترین جێگەی موناوەرات لەجیهانی مونافەسەی سیاسیدا لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەت هەرگیز دەستی هەڵنەگرتووە.

یەکێک لەو ناوچانەی مونافەسەی لەسەردەکرا ، عێراق بوو ، کەلەبەر لووتی شادا بوو ، زۆرانبازییەکە لە وولاتێکدا بوو کە دوای سعوودیە دەوڵەمەندترین سەرچاوەی نەوتەو بەند بوو بە پێوەندی سیاسەتی ڕۆژهەڵاتیمانەوە ، لێرەوە سەرچاوەی مەترسی هاوکێشەیی " توازن " لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا تایبەت لەکەنداودا سەری هەڵدەدا. پارتی بەعس لە ١٩٦٨ دا لە بەغدا دەسەڵاتی بەدەستهێنایەوە و بە پرۆگرامێکی سۆشیالیستی دژمن بە ڕۆژئاوا خۆی دەرخست ، شتێکی سەیر نە بوو کە عێراقی ژێر ڕکێفی سەددام حسێن ببێتە دەست و پێوەندێکی نزیکتر بۆ یەکێتیی سۆڤیەت ، لەو کاتەشدا "١٥" پازدە هەزار سەربازی سۆڤیەتی لەمیسر بوون ، مەترسی ئەوە هەبوو کەتێکرا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بچێتە ژێر دەسەڵاتی یەکێتیی سۆڤیەتەوە. خۆشبوونەوەی پێوەندی نێو دەوڵەتیمان لەگەڵ سۆڤیەت هەرچۆنێک بووبێ ، ئامانجی ستراتیژیمان کەم کردنەوەی دەسەڵاتی ئەوان بووە ، بەڕاستی ئێمە ، وامان دەزانی کە دەرکەکردنەوەی پێوەندی نێو دەوڵەتی" انفراج" بەچوارچێوەی سەرچڵیەکانی ئەو ستراتیژییەدا تێدەپەڕێ.

ئەو ولاتانەی پێیان وابوو لەژێر مەترسی ڕژێمی تازەی عێراقدان ئوردن و ئێران بوون ، هەردوولایان سنوورێکی دوورو درێژیان لەگەڵ عێراق هەیە. هەروەها ئیسرائیل کە هەمیشە نیگەران بوو لەو ڕژێمە عەرەبیانەی کە لەلایەن سۆڤیەتەوە بەچەک هاریکاری دەکران. هەرسێ ئەو دەوڵەتانە دۆستی وولاتە یەکگرتووەکانی ئامریکا بوون و هەرسێکیشیان یارمەتی کوردەکانیان دەدا و وایان مامەڵە لەگەڵ دەکردن کە ئۆتۆنۆمی لەشاخە سەختەکانی سەرووی عێراقدا بەکاردێک"Card " تەماشا بکەن تاگێچەڵی وزە و ماڵی ڕژێمی بەعس لەسنوورەکانی خۆیان بەدووربگرن. بۆیە ئەوی ڕاست بێ لەو بارەیەوە ئێمە تێکەڵاویمان نەدەکرد ، ئەوە نەبێ دەزگا جاسوسیەکانمان لەلایەن هاودەزگاکانیانەوە لەو وولاتانەدا بەکورتی ئاگاداردەکران ، هەروەها دەبێ ئەوە بزانرێ کەئەو دەوڵەتانە یارمەتی ئابوری و سەربازیان لە وولاتە یەکگرتووەکانی ئامریکاوە پێدەگەیشت.

لەو کاتە تێژڕەوەدا ، لەوە دەچوو کەعێراقییەکان و کوردەکان جیاوازییەکانیان چارەسەربکەن. لە ١١ی ئازاری ١٩٧٠ دا بەغداو ڕێبەری کورد مستەفا بارزانی گەیشتنە ڕێککەوتنێک. حکومەتی بەعس ڕازی بوو

# کارەساتی کوردەکان - هێنری کیسینگەر

لەعێراقدا دەوڵەتێکی فرەڕەگەزی ـ Multiethnic لە دوو گەلی عەرەب و کورد پێکبهێنێ ، جێگری سەرۆک کۆمار کورد بێ ، زمانی کوردی ببێ بە زمانی ڕەسمی ، بەگوێرەی سەرژمێریان نوێنەرایەتیان لە پەرلەمانی تازە دروستکراوی عێراقدا هەبێ.

چەندان مانگ بەدوای ئەوەدا ، دەربارەی چوارچێوەی ئۆتۆنۆمی قرە لەسەر ڕێکەوتنەکە پەیدا بوو ، ئەوەش کاتێک سەری هەڵدا کە دابەشکردنی دەسەلات هاتە مەیدانەوە لە نێوان ئەو دوولایەنە ناحەز بەیەکەدا. بۆ بارزانی ئۆتۆنۆمی هەنگاوێک بوو بەرەو سەربەخۆیی. لەو لاوە لای سەددام حسێن ڕێککەوتنەکە هەنگاوێکی تاکتیکی بوو تا بە باوەڕی بەعسیانە دەوڵەتێکی تەواو ناوەندی سازبکا.

بەگەیشتنی پایزی ۱۹۷۱ ، پێوەندی کوردەکان و بەغدا جارێکی دی لێکدابڕا ، کوردەکان هەوڵی دەست درێژیکردنە سەر گیانی بارزانیان خستە ئەستۆی سەددام حسێن ، دیارە هەر ئەو تاکە یەکێکی بە دەستەلات بوو بتوانێ کوردەکان لەکاروباری فەرمانڕەوایەتی بێ بەش بکاو حکومەتێکی یەکێتیی نیشتمانی لەگەڵ پارتی کۆمۆنیستدا پێکبهێنێ. ئەمە کوردی گۆشەگیر کرد. دوای ئەوە جموجوڵی پارتیزانی کە لە لایەن ئێران و ئیسرائیلەوە هاوکاری دەکرا دەستی پێکردەوە. لە تشرینی دووەم November ی ۱۹۷۱ و لە مارتی ۱۹۷۲ دا شا هاواری بۆ نیکسن برد کە بۆ یارمەتیدانی بارزانی هاوکاری لەگەڵ بکا. لە ۲۸ی مارسدا بە هۆی پادشای ئوردنەوە بارزانی هاواری خۆی گەیاندە نیکسن. لەو ڕووەشەوە ئیسرائیل هەرگیز بیری لەوە نەکرد بۆوە کە ڕاستەوخۆ داخوازی پارە و پوولی تایبەت بکا ، بەردەوام ئێمەی لەنیگەرانی خۆی دەربارەی سیاسەتی ڕاستەوخۆی عێراق و بەرژەوەندیان لە ئۆتۆنۆمی بۆ ناوچە کوردییەکان ئاگادار دەکردەوە.

ئێمە داخوازی یارمەتیدانی یەکاوڕاستی کوردەکانمان دەست پێوەنا ، چونکە نەماندەویست سۆڤیەتییەکان پتر چەک و دەسەلاتیان لە ناوچەکەدا بلاوبێتەوەـ جۆزیف فارلەند Joseph Far-landبالوێزی ئامریکا لەتاران بە هەموو توانایەکییەوە بە هۆشی هێناییەوە کەدەستپێکردنی یارمەتی نهێنی بۆ کوردەکان دەبێتە سەرچڵییەکی بێ کۆتایی ، کە وەستێنراش دەبێتە مایەی لە ڕوودامان و "بەدبەختی تێگەیشتن" بە واتایەکی دی پەیدا بوونی بیروباوەڕی هەڵە لەلایەن کوردەکانەوە بەرامبەر ئامریکا.

سەردانی سەرەک وەزیرانی سۆڤیەت ئەلیکس کۆسجین Alexei Kosygin «۷» لەنیسانی ۱۹۷۲ دا بۆ بەغدا بووە هۆی ئەوەی بە سیاسەتی دەست تێوەرنەدانی خۆماندا بچینەوە ، ئەگەرچی ئامریکا جارێ دەستی نەخستبووە کاروباری کوردەکانەوە ، لە ۹ی نیساندا پەیمانی دۆستایەتی لەنێوان بەغدا و مۆسکۆدا ئیمزاکرا ، لەپەیمانەکەدا هاتبوو کە عێراق چەک و جبەخانەیەکی زۆری لە سۆڤیەتەوە پێدەگا ، بەو شێوەیە بەغدا خۆی خستە بازنەی زۆرانبازی جیۆسیاسییەوەGeopolitical بەرەو ئەوە دەچوو ببێتە هاوپەیمانێکی بنەڕەتی بۆ سۆڤیەتیەکان لەناوچەکەدا. وەرگرتنی چەکێکی زۆر سمبوڵی ئازایەتی خستنە بەر و هاندانی بەغدا بوو ، هێزەکانی عێراق بۆ هێرشکردنە سەر کوردەکان خۆیان ئامادە کرد ، ئەمەش لەوە زۆرتر بوو کە هاوکاری ئێرانەکان و ئیسرائیلیەکان هاوکێشەکەیان ڕاگرتبوو. ئاکام پێکهەڵبڕژانی نێوان عێراقیەکان و ئێرانیەکان بە درێژایی سنوورەکانیان سەری هەڵدا.

## صەباحی غالیب

ئەمە وای لە نیکسن کرد لە ۳۰ ـ ۳۱ ئایاری ۱۹۷۲ دا بچێتە سەردانی شا لە تاران ، هەموو ئێمە لە کۆبوونەوەی بەرزی مۆسکۆ میوانداری چاک کراین و ڕێزێکی زۆریان لێگرتین ، ئەگەرچی ئەمریکا سەرگەرمی بۆمباردمان و ئابلۆقەی سەرووی ڤێتنام بوو کە هاوپەیمانێکی سۆڤیەت بوو ، ئەوە پێش دوو هەفتەی بەرنامەی سەردانەکەی مۆسکۆ و شەش مانگ پێش هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار بوو.

میوانداری ئێرانیەکان تاوی باشی هەبوو لەسەر گەشتەکە ، بەڵام یەکێک لەو ڕووداوانەی کە ماندوو بوونێکی زۆری بۆ نیکسن پەیدا کردبوو ، خۆشهاتنی بێئەندازەی شا بوو لێی. گڵۆپەکانی دەزگای تەلەفیزیۆن هێندە ڕووناک بوون سەرکۆمار نەیدەتوانی خوتبە ئامادە کراوەکەی بخوێنێتەوە بۆیە نیکسن بڕیاریدا بێ کاغەز قسەبکا کەتوانی چاک مراوەغە بکا و چەند جارێک بەدەوری خاڵی تایبەت و مەبەستی سەرەکیدا گڕ بخوا ، چاوی لە شا بڕی بوو ، ئەوەی هێنایەوە بیری شای شایان کە ئەیزنهاوەر وای دەزانی : هەرچی سینەتۆرێک ئەو دەیناسین پێیان لە بەرەکانی خۆیان زێدەتر ڕادەکێشا. لەو هەست و گیانەوە ، لە شادمانی سەرکەوتندا نیکسن کۆتایی بەقسەکانی هێناو گیان خۆشی پێکی خواردنەوەی لە خاوەن شکۆ شا و شا بانووی ڕازاوەی تەنیشتی کرد ــ لەلایەن ئێرانییەکانیشەوە بەگەرمترین چەپڵەڕێزان پێشوازی لێکرا.

هەموو شتە ئاساییەکان وەستابوون ، بەهەرحاڵ ؛ نیکسن و شا چاویان بە باری نێو دەوڵەتیدا گێڕایەوە کە یەکا و ڕاست دوای خۆشی و نیازگۆڕینەوە بوو لە کریملین ــ Kremlin ــ پێوەندی دوو بە دووی نیکسن وەک سەرۆکی ئامریکا لەگەڵ ڕێبەری زلهێزی کۆمۆنیستدا نەبۆتە هۆی ئەوەی لەخشتەی بەرێ. لەسەرنجە کراوەکانیدا ویست و نیازی خۆی لەپشتگیری دۆستەکانی ئامریکا دووبارەکردەوە ، هەروەها ڕایگەیاند کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە سەرچڵییەکانی سۆڤیەت بە دوور بگیرێ. لەبەر ئەوە هەوڵدەدەین زۆرانبازییە ناوچەییەکان پەرەنەسێنن و نەبنە زۆرانبازی و کەڵەگایەتی نێودەوڵەتی ، دیسان ئێمە مۆڵەت نادەین هاوکێشەی هێز لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهاندا بەقازانجی دژمن تەواوبێ. لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ؛ بەڕاستی تێدەکۆشین کە هاوکێشەی دەسەڵات لە بەرژەوەندی خۆمان بێ ، بەوەی بیچەسپێنین کە نە عەرەبە دەمار توندەکان و نە چەکی یەکێتیی سۆڤیەت نەگەنە وەدەستهێنانی ئامانجەکانی عەرەب. من سەلماندم کە ئێمە ناشێ " پێوەندی دۆستایەتی هەڵبژاردە ــ Selective detente قبوڵ بکەین بەوەی هەندێ مەسەلە لەگەڵ چەند لایەنێکدا لابەلابکرێنەوە و هەندێ لایەنی دیکە گۆشەگیربکرێن. مەبەستمان بوو ئەمە بخەینە مێشکی سۆڤیەتییەکانیشەوە. ساڵێک دواتر ، لە تەموزی ۱۹۷۳ دا بەبۆنەی سەردانی شاوە بۆ واشنتن ،من بەچاکترین شێوە جەوهەری نەخشەی خۆمانم کێشا:

**" ئێمە هەوڵدەدەین دەسەڵاتی سۆڤیەت لەهەر کوێییەک بێ بەبەزێنین و لە هەر سەرچڵییەکدا کە بیانەوێ بیکەن سەر ئێشەیان بۆ پەیدا بکەین. دەمانەوێ لە مەکتەبی سیاسیدا بیرکردنەوەیەکی وا پەیدا بێ کە چالاکییە گرانبەهاکانیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ماندوو بوونەو هیچ ئەنجامێکیان لێدەست ناکەوێ"**

بەرامبەر ئەو مەبەستە ، شا سەرنجی نیکسنی بۆ نیگەرانییەک ڕاکێشا کە پێی وا بوو" سۆڤیەتیەکان ئیئتلافێک لە نێوان کوردەکان و بەعسیەکان و کۆمۆنیستەکاندا پێکدەهێنێ ، کێشەی کورد لە جیاتی ئەوەی

خەنجەرێکی دژایەتیان بێ ، دەبێتە هێزێکی پاڵپشتی کۆمۆنیستەکان"

لە ئەنجامی گفتوگۆی لە گەڵ شادا و لە بەرامبەر پەیمانی چەکی نێوان " کوسجین ــ سەددام " دا ، نیکسن دوو بڕیاریدا ، مەسەلەی ئەو فرۆکە گرنگە جەنگیانەی بڕییەوە کە کاتی خۆی شا داوای کرد بوو بەلام لە پێنتاگۆندا «٨» ــ Pentagon " قاوە قاوی لەسەر بوو کە ئاخۆ فرۆکەی هێزی ئاسمانیF-15 ن یا فڕۆکەی هێزی زەریایی F-14 ن ، نیکسن شای سەر پشک کرد بۆ هەڵبژاردنی هەر کامێکیان کە دەیەوێ " ئەمە بانگەشەیەکی جەماوەری بەربلاو بوو کە نیکسن فەرمانی بە پێنتاگۆن کرد کە شا چی دەوێ بیدەنێ ، داخوازییەکە تەنێ بریتی بوو لە هەڵبژاردنی یەکێک لە نێوانF-14 و F-15 دا "

لە هەمان کاتدا ، نیکسن گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە ڕاپەڕینی لەئارادابووی کوردەکان لە دژی حکومەتی بەغدا بێ هاوکاری ئامریکا تێدەشکێ - بەو شێوە هاوبەشی ئامریکاییەکان بۆ پاراستنی ورەی " مەعنەوی " وڵاتە هاوپەیمانەکانمان وەک ئێران و ئوردن پێویست بوو ، لابردنی بێ هیوایی وەک بیانوویەکی ئەوان ، هەروەها هاوکاری ماڵی بۆ ڕاگرتنی هاوکێشەکە دەبوایە لە ملی ئێمەبێ.

ماندووکردنی گەنجینەی عێراق بۆ ئەوەی ببێتە بار بەسەر دەوڵەتەوە و بەرزکردنەوەی هێزی سەودای کوردەکان مەبەستی ئێمە بوون. بەو هۆیەوە عێراق ڕازی بکرێ سیاسەتی هێور بوونەوە بگرێتە بەر و ئاسایشی ناوچەکە کە دەوڵەتانی دراوسێ بەتەنگییەوە بوون سەقامگیربێ و کەمە نەتەوەیی کورد بە ئۆتۆنۆمی بگا، لەو بارەیەوە هاوبەشی ئامریکا بە کلیل دەزانرا ، ئەو شێوە سیاسەتە ، یەکێتی نێوان مەبەستی زۆرانبازی وڵاتەکانی هاوکاری ماڵییان دەکرد پێکدەهێناو هەریەکەیان دەیەویست پێوەندییەکی بایەخداری دەستەڵاتیان لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکاندا هەبێ ، قەدەغەش بکرێن لەوەی دەست لە کورد هەڵگرن ــ وەک لە دوا ڕۆژدا دەبینین ئەوە دادوەری و باوەڕێک بوو زۆر خۆشبینیانە دەرچوو.

## جیاوازییە ناوخۆییەکان

کاتێک لێکۆڵینەوەی موخابەراتی لیژنەکانی چێرچ و پایک Church and Pike Committees لە تەلەفیزیۆن و فیلم و چاپەمەنیدا بلاو بۆوە ، وا نیشاندرا کە داو و دەزگای موخابەراتی ئامریکا جەنگاوەری دەمارتوندن و ملکەچی کۆنترۆڵی سیاسی نین. لە پێناوی جێبەجێکردنی پرۆژە شێتانەکانی خۆیاندا قوربانی بە هەموو شتێک دەدەن. ئەگەر ئەو جۆرەCIA یە هەبووبن ئەوا بە درێژایی قۆناغی نیکسن و فۆرد بە شێوەیەکی نهێنی بوون.

هەموو پرۆژە سەرەکییە نهێنییەکانی ئەو قۆناغە ، چیلی ــChile کوردەکان و ئەنگۆلا ــ Angola لەلایەن کۆشکی سپییەوە ــWhite House بەڕێوە دەچوون و بە نهێنی کارەکان ئەنجام دەدران ، تایبەت لەبەر ئەوەی لەو جۆرە نەبوون دیپلۆماسی گونجاو بیانگرێتەوە. ڕاپەڕینی کوردەکان لە دژی وڵاتێکی سەربەخۆی هاوپەیمانی یەکێتیی سۆڤیەت بەرپا بوو ، لەلایەن چەند دەوڵەتێکی هاوپەیمانی ئامریکاوە

کە ئێمە یارمەتی ماڵیمان دەکردن ، پشتگیری دەکرا ، مەترسی ئەوە هەبوو زۆرانبازییەکە پەرە بسێنێ و ببێتە هۆیەک کە ڕۆڵی سەددام حسێن بەهێز بکاو ناوچە کوردییەکانی عێراق بکاتە بنکەیەک بۆ ئاڵۆزکردنی وولاتە دراوسێکان ، لەوکاتەدا ، ئەو ئاڵۆزییە بە خێرایی لە لایەن هێزە چەکدارەکانی عێراقەوە پاڵپشت دەکراو لە وانەبوو بیانکاتە هێزێکی چەکداری بە توانا دژی وولاتانی کەنداو ، تایبەت ئێران هەروەها بگرە تورکیاش.

بەچاوگێڕانەوە بە ڕووداوەکانی پێشوودا دەردەکەوێ کە هاوکێشەی "توازن" لایەنگران و نەیارانی بڕیاری پشتیوانی کوردەکان لە جاران چاکتر بوو. دەبوایە ئێمە باشتر شارەزایمان ببوایە لە بزوتنەوەی هەمە ڕەنگەی دژی عێراق، بەوەی بمانزانیایە ئەگەر لایەنێک بێتە دەرەوە لەبەرەی ناحەزان ، ئەنجام چی ڕوو دەدا ، لەسەرووی هەموو ئەوانەوە دەبوایە چاکتر لەکوردەکان تێبگەیشتینایە کە ڕاڕا بوون و سەخت بوو تا سەر بخرێنە هەر ستراتیژییەکەوە. بڕیار و خەباتی سەرکردەکانیان هەرچیەک بێ ، ئامانجی سەرەکیان سەربەخۆییە یا بەلای کەمەوە ئۆتۆنۆمییەکی تەواوە. هەمیشەش لەسەر ئەوەی کامەیان گونجاوترە ڕێکدەکەون. بەڵام هێزەکانی دەرەوە نەیاندەویست هاوکێشەکە بگۆڕێ ، مەبەستیان بوو بارودۆخەکە وەک خۆی بمێنێتەوە و فیکرەیەکی جیۆسیاسی ئارامیان دەخواست. ئێمە ئەوە دەزانین کە کوردەکان ئازا و بە خۆنازیوون ، خۆشترە لەسەریان بخوێنرێتەوە وەک لەوەی مامەڵەیان لەگەڵدا بکەیت ، ئازایەتیان وای لێکردوون وا بزانن هەرچییەکی دەیانەوێ ، دەتوانن بەدەستی بهێنن ، بۆیە ئەو بەهرەیە هانیان دەدا نەرمیان کەم تێدابێ.

کاتێک بە ڕابوردوودا بچینەوە ، دیاردەکەوێ کە ئامریکا بە بێ ئیختیار مابۆوە ، بارودۆخەکە لە ٢٥ ساڵی ڕابوردوودا گۆڕانێکی بەسەردا نەهاتبوو. ئەگەر هیچ نەکرایە ، ئەوا بەرەی دژی عێراق دەرووخا و کوردەکان بۆ بەزەیی سەددام حسێن بە جێدەهێڵران.

هەروەها ناوچەی کەنداویش لاواز دەبوو ، لەکاتێکدا بەڵێنی ئێمە دەبووە سەر ئێشەیەکی زۆر ، سۆڤیەتیش لەو ئاستەی ئەو کاتە هەبوو چەکی زێدەتری بڵاو دەکردەوە. لەنێوان هەڵبژاردنی ترسی ئێستا و ئایندەدا ، هی داهاتوو سەرنج ڕاکێشتر و کەم مەترسیتر بوو ، ئەمە بۆچوونی ئێمە بوو لە ١٩٧٢ دا. لە ١ ئابی ـ August ١٩٧٢ دا ، نیکسن Nixon فەرمانی ڕاستەوخۆی پرۆگرامە نهێنییەکەی ئیمزاکرد *. وولاتە یەککگرتووەکان ٢٥٠٬٠٠٠ دوو سەد و پەنجا هەزار دۆلاری مانگانە بۆ ساڵی ماڵی ١٩٧٣ بۆ کورد دیاری کرد، لەگەڵ ٢ دوو ملیۆن دۆلار بۆ چەک و جبەخانە ، هەموو بەسەریەکەوە ساڵانە نزیکەی ٥ پێنج ملیۆن دۆلار تەرخان کرا ، شا بە مەبلەغێکی زۆرتر هاوبەشی کرد. گشتی بەسەر یەکەوە ، لەگەڵ هی ئیسرائیل و بەریتانیا و کۆمەکی ئێرانییەکان ، مانگانە ، دەگەیشتە ١ یەک ملیۆن دۆلار. بەگوێرەی جەنگی سارد ـCold war ئەوە کۆششێکی سەرەکی نەبوو.

---

* بەهۆی هۆکاری ئاسایشییەوە لیژنەی چل بەڕەسمی کۆنە بوو بوونەوە ڕاسپاردەکە لە ڕوانگەیەکی مەبدەئییەوە بوو. یاریدەدەری وەزیری دەرەوە ، جێگری وەزیری بەرگری ، سوپا سالاری هێزەکانی ئامریکا لەگەڵ بەڕێوەبەری CIA هەریەکەیان بۆ ئامانجێک بواری هەبوو بەڵام نەیان دەکرد ، ئەگەر لیژنەیThe pike committee کۆبوونەوەکانیان بەڕەسمی بوایە بە دڵنیاییەوە ئەنجامێکی دیکەی دەبوو. کیسینگەر.

## کارەساتی کوردەکان - هێنری کیسینگەر

لەکاتێکدا ئێمە بیرمان لەهاوبەشی ئامریکا دەکردەوە بۆ یارمەتی کوردەکان ، لە تەموزی July ی ۱۹۷۲ دا سەرباز و ڕاوێژکارەکانی سۆڤیەت لە میسر وەدەرنران. ئەمە گرنگییەکی دا بە عێراق لە سیاسەتی ستراتیژییەتی یەکێتی سۆڤیەت لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا و وای کرد پێوەندی سۆڤیەت بەهێزتر بێ بە ڕژێمی بەغداوە. لە کۆتایی ئابدا ـ August ،مایکل سوسلۆڤ Mikhail Suslov ، ئەندامی مەکتەبی سیاسی ، زۆری لە بارزانی کرد هاوبەشی حکومەتی یەکێتیی نیشتمانی عێراق بکا کە سەددام حسێن لە هەوڵی دامەزراندنیدایە.

بەلای بارزانییەوە ، ئەو داواکارییەی سوزلۆڤ ـSuslov ، ئینزار بوو ، دوای ئەوەی یەکێتیی سۆڤیەت لەمیسر وەدەرنرا ، پێوەندی خۆی لەگەڵ عێراقدا پتەوتر کرد ، پشتیوانی بۆ دەوڵەتی بەغدا بەهێزترو پێوەندی بازرگانیشی زێدەتر کرد.

لەلایەنی ئێمەوە ، شا و مەلیک حسێن لەکۆشکی شا لەسەر زەریای قەزوین لە نێوان ۳۱ی تەموز و ۲ی ئابدا کۆبوونەوە ، پێخۆشحاڵی خۆیان بەیارمەتی ئامریکا دەربڕی و هەوڵیاندا بگەنە بناغەی تەقەلایەکی هاوبەش و دوو بە دوو بارزانییان بەئاگا هێنایەوە کە کارێکی دراماتێکی ئەوتۆی وەک ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردی نەکا ، عێراق وای لێبێ هێرشی بەرفراوان دەست پێبکا ، هەردووکیان پێیان لەسەر ئەوە داگرتبوو پشتیوانی بەرگری هێزی کورد بکەن بۆ ئەوەی بتوانن بەچاکترین شێوە ئۆتۆنۆمی خۆیان بپارێزن. بەدرێژایی ۱۹۷۳ ، شەڕ لە پەرەسەندندا بوو ، لەبەر ئەوە داخوازی ماڵی کوردەکان گەورەتر بوو ، لە ۲۹ی مارتی ۱۹۷۳ دا ،من پشتیوانی داخوازی CIA م کرد بۆ زیادکردنی یارمەتی کەلەلایەن جیم سلیتریجەرـ Jim Schle-singer کە ماوەیەکی کەم بەڕێوەبەری CIA بوو پێشکەش کرابوو. نیکسن دواتر بەزوویی ڕازی بوو لەسەری.

لە بیرخەرەوەکەمدا ڕوونم کردبۆوە کە عێراق بۆتە هاوکارێکی سەرەکی یەکێتیی سۆڤیەت لەرۆژهەلاتی ناوەڕاستدا و حکومەتی بەعس بەسەرۆکایەتی سەددام حسێن بەردەوامە لەپێشکەشکردنی یارمەتی ماڵی بەرێکخراوە ئیرهابیەکانی شوێنە جیاوازە دوورەکان تادەگاتە پاکستان. عێراق ببووە هێزێکی پاڵپێوەنەر بۆ " بەرەی نارازی ـ Rejection front" کە هەوڵیان دەدا هیچ جۆرە ئاشتییەک لە نێوانی عەرەب و ئیسرائیل پێک نەیەت. لەبەر هەموو ئەو هۆیانە داوام کرد کۆمەکی سالانەی کوردەکان لەپێنج ملیون دۆلار زوورتربێ ، "شا" ش بەڵێنی دا یارمەتییەکەی زۆر زۆرتر بکا، تانزیکەی ۳۰ ملیون دۆلار ، ئەمە جگە لە بەردەوامبوونی یارمەتی سەربازی و تۆپ و جبەخانە لەلایەن ئێرانییەکانەوە ، لەگەڵ ئەوەشدا سەرۆکم بە ئاگا هێنایەوە کە کوردەکان کارێک نەکەن بزوتنەوەکەیان بگاتە سەروو ئاستی بەرگرییەوە.

**"ئێمە دەمانەوێ دووربکەوینەوە لەو باوەڕەی گوایا بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ بەردەوام دەبین کۆمەکی ماڵی بدەین ، دەبێ بە بارزانی بووترێ کە لە ئاییندەدا بە حسێبی مانگانە یارمەتییان پێدەدەین ، بەهەرحاڵ. پێویستە پێ لەسەر ئەوە دابگرین کە هاوبەشی بیرۆکەی شا بکەین بۆ بەردەوامی پاڵپشتیی بەرگریی بزوتنەوەی کورد."**

لەساڵی یەکەمیدا ، پێدە چوو ، تەقەلای نهێنی بۆ هاوکاری کوردەکان بگاتە ئامانجەکانی خۆی. لە ٥ی

تشرینی یەکەمی ١٩٧٢ دا ، لە ریچارد هیلمز Richard Helms بەڕێوەبەری CIA وە کە دوایی بووە سەفیر لە تاران ، ڕاپۆرتێکم گەیاندە نیکسن ، لە وێدا ئاگادارمان دەکا کە کوردەکان دوو لە سێی سوپای بەعسیان مەشغوڵ کردووە :

**«باری ڕژێمی بەعس چاک نیە ، بەرگریی بارزانی لەناوچە سەختەکانی خۆی دوو لەسەر سێی سوپای عێراق دەبەستێتەوە و دەیانگێڕێتەوە لەوەی بتوانن دەستە و تیپی دژە کوژی وتێکدان لە دژی ئێران دروست بکەن** ." کاتێک ئاگری شەڕی ڕۆژهەلاتی ناوەراست لە ١٩٧٣ دا کەوتەوە ، کۆمەڵێک کێشە ڕوو بە ڕوومان بوونەوە. هەندێک بیریان لەوە دەکردەوە کە کوردەکان هانبدرێن هێرش بکەنە سەر عێراقییەکان و ڕژێمی سەددام داتەپێنن. بیری لەو جۆرە لە لایەن ئەفسەرە پێوەندییەکانی ئیسرائیلەوە پێشنیاز کرا بوو ، ئێمە دامانە دواوە. دواتر بۆ ماوەیەک بووە مایەی بگرە و بەردە .

ئەو دەمەی شەڕی عەرەب و ئیسرائیل دەستی پێکرد ، پرۆگرامە نهێنییەکە تۆزێک لەساڵێک زۆرتر بوو. کوردەکان ژمارەیەکی کەم چەکی قورسی تۆپیان هەبوو کەئێرانییەکان پێیان دابوون ، ئێرانییەکان لەسەرچڵی لە سنوورەکانیانەوە خۆیان بە دوور گرتبوو. کوردەکان دەیان توانی شاخەکانیان لە هێرشی تانگ و فڕۆکەی عێراق بپارێزن ، بەڵام لەشکری کەم چەکیان نەی دەتوانی لە ناوچە دەشتییەکاندا دژی سوپای پڕچەکی عێراق بە چەکی پێشکەوتووی سۆڤیەتی و سەدان دەبابە خۆیان ڕابگرن. هێرشی بەولاوەی هێڵی بەرگری ، دەبووە هۆی تێکشکانی تەواوی هێزەکانی کورد.

پێچەوانەی باوەڕی چاوەڕوانکراوی خەڵکی توندڕەو ، عێراق هێزێکی گەورەی بۆ یارمەتی عەرەبەکان لە شەڕی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا نە نارد ، هاوکات ، وەک ریچارد هیملز بەر لە ساڵێک پێی ڕاگەیاندین ، کوردەکان بە خەریککردنی دوو لەسەر سێی سوپای عێراقییەوە سەرگەرم بوون. تێکچوونی پەیوەندی عێراق و سوریا کارێکی سەر سوڕهێنەر نەبوو ، بەرەی عێراق لە ڕووی جوگرافیاوە کاری تێدەکرا ، تیپێکی سوپای عێراقی نێررابوو بۆ شەڕ لەگەڵ ئیسرائیلدا ، ئەمە وەک هاوبەشییەکی ڕەمزی بوو. لە هەمان کاتدا هێند بە خێرایی بەڕێ نەکەوت تابگاتە بەرەی شەڕ ، نزیکەی ١٠ دە ڕۆژی پێچوو بۆ ئەوەی لەناوچەی شەڕ نزیک بێتەوە ، دوا بەدواش بە خێرایی کشایەوە ، تاکە زیانێکیان ئەوە بوو کە بە ڕێکەوت لەگەڵ تیپێکی سعوودیدا پێک هەڵپڕژابوون ، بێنیاز سەربازەکان لە ڕۆژی کۆتایی شەڕی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا پەلاماری یەکدیان دابوو ، بێ ئاگاداری لە یەکدی ، دوو پەلی عەرەب وایان دەزانی کەوتوونەتە ناو ئیسرائیلییەوە ، تەقەیان لەیەکدی کرد بوو. بیری پێشمەرگەکان وا بوو کە هێرش دەست پێکردنیان چاکترە بکەوێتە ڕۆژانی کۆتایی شەڕەکەوە ، وەختێک شەڕی میسر - ئیسرائیل سەخت دەبێ و دەگاتە خاڵی وەرچەرخان ، لە ١٥ ی تشرینی یەکەمدا_October ، نۆ هەمین ڕۆژی شەڕەکە ئیسرائیل سنوورێکی بۆ پێشکەوتنی سوپای میسرییەکان بۆ ناو سینا داناو بەری پێگرتن ، ئێمە پەیامێکی بە پەلەمان لە بارزانییەوە پێگەشت ، لە وێدا باوەڕی ئێمە دەپرسێ سەبارەت بە ئامۆژگاری ئەفسەرە پێوەندییەکانی ئیسرائیل کە داوایان لێکردبوو هێرش بکاتە سەر ناوچە دەشتییەکانی عێراق ، ئەوە پێشنیازێک بوو ئەفسەرەپێوەندییەکانی ئیسرائیل بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی

بوون و لە ئیسرائیلیش ئارەزوویان دەکرد ، بەڵام لەو جۆرە داخوازییە لە تەل ئەبیبەوە هەرگیز بە ئێمە نەگەیشتبوو. هەر وەک ئاسایی بوو ، پەیامەکە لە ڕێگای CIA یەوە گەیشت ، ویلیەم کۆلبی- W Colby بە ڕێوەبەری تازەی CIA بێ ئەم سەر و ئەو سەر ناڕازی بوو شەڕەکە تەشەنە بکا . کاتێک لەگەڵ شادا ڕاوێژمان کرد کە ئەو چەک و ڕاوێژکاری بە کوردەکان دەدا ، ئەویش لایەنگری باوەڕەکەی کولبی کرد و بە خێرایی بە کوردەکانی ڕاگەیاند کە بۆ ئەوە چەکدار نەکراون بکەونە هێرش بردن بە تایبەتی لە دەشتەکاندا ، پێشنیازی ئەو شێوەی ئیسرائیلیەکان وادەکا کە " کاردی کورد- Kurdish Card" لەدەست بچێ ، من ڕازی بووم ، لەسەروو ئەوەشەوە ، ئەوەم لێکدایەوە کە بەستنەوەی ڕاستەوخۆی کوردەکان بە تاکتیکی ئیسرائیلەوە کارێکی عاقڵی نیە ، چونکە ئەوەندی دی توڕەیی وولاتانی عەرەب ئابڵووقەی کوردەکان دەدا . بە ڕەزامەندی نیکسن -Nixon ، لە ١٦ی تشرینی یەکەمدا ئەم پەیامەی خوارەوەم بۆ بارزانی نارد: " **ئێمە دووبارەی دەکەینەوە ، کە دەستپێکردنی هێرشی سوپایتان لەسەر داخوازی ئیسرائیلیەکان ، بۆ ئێوە ، کارێک نیە بیری لێبکرێتەوە...** " هەر بڕیارێکی بەو جۆرە ، دەبێتە نەمانی کوردەکان ، بێ ئەوەی ئیسرائیلییەکان یارمەتییان بدەن . ئەو ڕۆژەی بارزانی پەیامەکەی منی پێگەشت ، ژەنەڕاڵ ئاریل شارۆن - Ariel Sharon لەگەڵ هێزەکەیدا لە قەناتی سویس پەڕییەوە. شەش ڕۆژ دواتر ، ئاگر بەستی شەڕی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕەگەیەندرا .

## کۆتایی ئۆتۆنۆمی کوردەکان

کاتێک ئەنوەر سادات لە ئەنجامی جەنگی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە هێمنی و ئاشکرا بەرەو وولاتە یەکگرتووەکانی ئامریکا هەنگاوی نا ، بەو پێوانەیە ، یەکێتی سۆڤیەت زیاتر لەسەر بایەخی عێراق پێی داگرت. بۆ یەکەمین جار ، مۆسکۆ دەستی کرد بە ناردنی تۆپخانەی قورس بۆ سەددام حسێن کە ستراتیژیەتی عێراقی دژ بە کوردەکان بەهێز کرد. تا ساڵی ١٩٧٣ سوپای عێراق هاوینان لە شاخەکان دەمانەوە و لەسەرەتای زستاندا بۆ دەشتەکان دەکشانەوە ، لە زستانی ١٩٧٣ -١٩٧٤ دا بۆ یەکەم جار ، لەشکری عێراق لەو شوێنانە مایەوە کە لە هاویندا ئابڵۆقەی دابوون. ئەوە مانای وا بوو کە شاڵاوی ئاینده لە قوڵایی ناوچە کوردییەکانەوە دەست پێدەکا . عێراقییەکان بە ئاشکرا ، دەیانەویست بزوتنەوەی کورد بەرە بەرە لاواز بکەن ، ئەم ستراتیژیەتە ببوە ئازار و ماندویەتییەکی زۆر بۆیان ، چونکە تۆپە قورسەکانی سۆڤیەت دەیانتوانی سوپای عێراق وا لێبکەن شوێنە سەختەکانی کورد ئابڵۆقە بدەن.

لە ١١ ی مارتی ١٩٧٤ دا ، چوار ساڵی ڕەبەق تێپەڕ بوون بە سەر بەڵێنی ئۆتۆنۆمیدا ، عێراقییەکان پلانێکی تازەیان بۆ بەڕێوەبردنی ناوچە کوردییەکان ڕاگەیاند ، لە کاتێکدا بە سەر زارەکی بەردەوامی ئۆتۆنۆمییان دەسەلماند ، بەڵام لە واقیعدا کۆنترۆڵی سیاسی لە لایەن عێراقییەکانەوە توند تر کرا . هەر کە شەڕ دەستی پێکردەوە ، هەموو باس و خواسە سیاسییەکانی سەبارەت بە کورد لەواشنتن کەوتنەوە بەر لێکۆڵینەوە و پێداچوونەوە.

* شا ئینزاری ئەوەی کرد کە تێکشکاندنی کوردەکان دەبێتە لابردنی یەکێک لەچەرخەکانی تەوازن لە ناو عێراقدا ، هێزە دەمارتوندەکان و دەسەلاتی سۆڤییەت لە ناوچەکەدا هەڵدەکشێن و هەڕەشە لە ئێران و کەنداو پەردەسێنێ.
* ئیسرائیل قورسایی خۆی خستە سەر هاواری ئەوەی کە زۆرتر پشتیوانی لە کوردەکان بکرێ ، لەکاتی ئەم سەر و ئەو سەرکردنمدا بۆ وەدەستهێنانی ڕێککەوتن لەسەر بەرزاییەکانی جۆلان لە ئایاری ١٩٧٤ دا ، گۆلد مائێر «٩» Golda Meir چەند جارێک ئەو مەسەلەیەی لەگەڵ باسکردم.
* بارزانی بەتەواوی ئامادە بوو بچێتە مەیدانی زۆرانبازییەکەوە ، گفت و گۆ وەستاندنی لەگەڵ بەغدا بە هەلێک دەزانی بۆ دەست کراوەیی خۆی لەلایەن هاوپەیمانەکانەوە بۆ ئەوەی بە ویستی خۆی جۆرە ئۆتۆنۆمییەک دامەزرێنێ زیاتر لە قەوارەیەکی سەربەخۆ بچێ. لە ١٦ ی مارتی ١٩٧٤ دا بۆ جێبەجێکردنی پێشنیازی ستراتیژی خۆی دوو ڕێگای خستە بەر دەممان : ١٨٠ سەدو هەشتا ملیون دۆلار بۆ ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینە، ٣٦٠ سێ سەدو شەست ملیون دولار بە حسێبی ئەو بۆ دروستکردنی زەمینەی تەواوی سەربەخۆیی.

بارزانی لێکدانەوەیەکی یەک لایەنەی هەبوو ، مەسەلەکان لە ئەستۆی خۆی بوون ، بێ ئەوەی خەڵکی دیکە هاوبەشی لەگەڵدا بکا ، هەمیشە باوەڕی بە خۆی هەبوو ، لە بەرامبەر زلهێزەکاندا ڕادەوەستا ، ئەو جۆرە خەباتە بەند بوو بە پشت بەخۆ بەستن و قەدەرەوە ، وەک لەوەی حسێب بۆ هاوکێشەی هێزەکان بکرێ. هەندێک ئامانجی دیاریکراو هەیە حسێبێکی ئەنجام گیری نیە بتوانێ پینەی بکا. تێگەیشتن و لێکدانەوەی بارزانی بۆ ئۆتۆنۆمی کوردەکان ، هیچ کاتێک لەلایەن شاوە پشتیوانی لێنەکراوە" یا لەو بارەوە لەلایەن تورکیاوە " ، وولاتە یەککگرتووەکانیش لەو جێگەو ڕێگەدا نەبووە بە تەنێ کۆمەک و پشتیوانی هەمیشەییان بۆ مسۆگەر بکا. ئەگەرچی کەمترین داخوازی ماڵی بارزانی داوای دەکرد لەسەروو هەموو بودجەی عەمەلیەتە نهێنیەکانەوە بوو کە وولاتە یەککگرتووەکان لە ئەستۆی بوون، بەڵام کۆنگرێس لە ١٩٧٤ لەگەرمەی وتەر گەیت «١٠» Watergate بە یاسایی دەستی گرت بەسەر کۆمەک بۆ هێندی چینی. بۆیە هەر کۆمەکێک بۆ شەڕی پارتیزانی کوردەکان لەشاخەکانی نزیک بە یەکێتیی سۆڤیەت داوابکرایە ، بە دڵنیاییەوە دەدرایە دواوە ، کارێکی بێ ماناش بوو شا کە سنوورێکی دوور و درێژی لەگەڵ سۆڤیەتدا هەبوو هانبدرێ بۆ ئەوەی بە ئاشکرا دەستوەرداتە خاکی هاوپەیمانێکی سۆڤیەتەوە.

بارزانی داوای کەرەسەیەکی زۆری پێوەندی "اتصالات " لە کۆلبی دەکرد کە ڕازی نە بوو بە زیادکردنی کۆمەکی ئامریکا بۆ کوردەکان ، ناڕازیبوون و ئارەزووی کۆلبی واقیعبینانە نە بوو. هەموو چاوەدێرەکان ڕازیبوون بە ستراتیژیەتی تازە دەربارەی عێراق ، پرۆگرامێکی کە هەبوو تەنانەت بۆ بەرگری لەخۆکردن دروست نەبوو. بەپێی دەسەلاتم وەک ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی ـ National Security، من بۆ زیادکردنی یارمەتی بۆ کوردەکان پاڵم پێوە ناو داوام لە دیک هیلمز و برێنت سکۆکرۆفت Dick Helmize and Brent Scocroft کرد کە پێشنیاز لەو ڕووەوە ئامادە و پێشکەش بکەن.

لەسەرەتای نیسانی ١٩٧٤دا ، هیلمز و سکۆکرۆفت دوا ئەنجامگیری خۆیان پێشکەش کرد ، ئەو

کۆمەکە ماڵیەی هەبوو بکرێ بەنزیکەی دوو ئەوەندە ، کۆمەکی نهێنی ئامریکا لە ٥ پێنج ملیون دۆلارەوە بکرێ بە ٨ هەشت ملیون دۆلار ، سەرچاوە ئاشکراکانیش ١ یەک ملیون دۆلاری دیکە بدەن بۆ یارمەتیدانی پەنابەران ، شا ڕازیبوو بەوەی ساڵانە بەشەکەی خۆی لە ٣٠ سی ملیون دۆلارەوە بکا بە ٧٥ هەفتاو پێنج ملیون دۆلار. بەریتانیاو ئیسرائیل لای خۆیانەوە درێژە بدەن بە یارمەتییەکانیان. بۆ گەرمکردنی زەمینەی کوورەی ستراتیژی هاوبەش ، بەلام هەریەکە بۆ مەبەستێک ، من ڕێنموویی هیلمزم کرد کە بە شا و بارزانی بڵێ: وەک ئێمە دەیانبینین ، بەرژەوەندییەکانی ئامریکا ئەمانەن :

ا- هێندە هاوکاری کوردەکان بکرێ کە زەمینەیەکی مەعقولیان هەبێ بۆ وە دەستهێنانی ئامانجەکانیان لە دەوڵەتی عێراقی.

ب- حکومەتی ئێستای عێراق بەردەوام مەشغوڵ بکرێ.

س- نابێ هەمیشەیی عێراق دابەش بکرێ ، چونکە سەربەخۆیەتی ناوچە کوردەکان لە ڕووی ئابورییەوە دروست نییە و توانای ژیان و گەشەکردنی نابێ. لە بەرژەوەندی ئامریکا و ئێرانیش نییە کە دەرکەی پێوەندی چاک لەگەڵ عێراقێکی ژێر سایەی سەرکردایەتییەکی نوێدا پێوەبدەن.

هەمان ڕێنموویی درابوو بە کۆلبی ـ Colby، بەدرێژایی ساڵی ١٩٧٤ ، هەر لایەو لەڕوانگەی خۆیەوە ، ویستی جیاوازی هەبوو. CIA ، دەیەویست بەرژەوەندی ئامریکا بپارێزێ ، بۆجێبەجێکردنی پرۆگرامێکی نوێ ، پێیەکانی لەزەوی قایم کردبوو. شا مەبەستی بوو ڕێککەوتنێکی بن بەستی بەرگریانەو خۆپارێزراو بەدەست بێنێ. بارزانیش سەرکەوتنی لەگەڵ هۆکاری پاراستنی قەلا سەختەکانی دەخواست. کێشە لەگەڵ ستراتیژییەتی کۆلبی ـ Colby ئەوە بوو گەرەکی بوو خۆ لە گێچەڵی لیژنەکانی کۆنگرێس بەدوور بگرێ وەک لەوەی گرنگی بە بارودۆخی واقیع لەسەر زەوی بدا . کێشە لەگەڵ ستراتیژییەتی بارزانی ئەوە بوو کە تەنها بە جەنگی ئاسایی کاری تەواو دەکرد نەک بە شەڕی پارتیزانی. کێشە لەگەڵ ستراتیژییەتی کۆشکی سپی ـ White House و ئێرانییەکان ئەوە بوو ، ئەوەندە یارمەتی نهێنی بزوتنەوەکە بدەن کە ئۆتۆنۆمی کورد بکەنە تەگەرەیەکی نزیک لە هەمیشەییەوە ، تەگەرەیەک دژی ناحەزانی سیاسەتیان لەناوچەکەدا.

بەدرێژایی ڕۆژگار ، شێوەی کارگێڕێتی و خەباتی کوردەکان سنووری بایەخی داخوازی و پێویستە ڕاستەقینەکانی خۆیانی دیاریکردووە. هەندەک جار لەوە دەچوون ، نائومێد بن ، کاتی دیکە شاگەشکە بوون. بۆ نموونە لە ٢٧ی تەموزی ١٩٤٧ دا ، شا هاوارێکی بە پەلەی بارزانی پێگەیاندین کە داوای کۆمەکی دەکرد. شا هاواری خۆشی خستبووە سەرو لە ئەنجامی مەترسیی تێکشکانی بزوتنەوەی کورد بۆ ئێران و بۆ سەرانسەری کەنداو بە ئاگای هێنانیەوە.

هەردوای چەند هەفتەیەکی دی ، لەسەرەتای ئەیلوولدا ، بارزانی پێشنیازی هێرشی خۆیانی کرد بۆ سەر چاڵە نەوتەکانی کەرکوک ، لە ١٨ ی ئەیلوولدا ، ئێمە پێشنیازەکەیمان دایە دواوە ، چونکە نەماندەویست لەو کێشەیەی وزە کە هەبوو لێی زیاد بکرێ و هێرش بکرێتە سەر دەزگا نەوتیەکان لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا ، بەلام پاڵپێوەنانە ناوبەناوەکانی بارزانی بۆ بەهێزکردنی لەشکری کورد ، بۆ ئەوە بوو تاکۆمەکی زێدەتر

قەلاکانی خۆیان
بەدەست بێنێ. ئەوەی پیشان دەدا کە کوردەکان هێندەیەیان کۆمەکی ماڵی دەوێ تابتوانن
بپارێزن ، کە چەکی پتریان دەخواست لەبەر ئەوە بوو درێژە بە هێرشی سەرەکی بدەن.
بۆ پێدا چوونەوەی بارودۆخەکە.

بە سەرنجدانێک ، دەردەکەوت کە هاوینی ١٩٧٤ کاتێکی واقیعی بوو بۆ پێدا چوونەوەی بارودۆخەکە. دوو کۆسپ لە ئارادابوون. بەهەرحاڵ ، دوای تێپەڕبوونی کاتێکی مەعقول ، تەنێ خەڵکانی دەرەوە لەو جێ و ڕێیەدا بوون بیر لە ڕەنگدانەوەی ڕووداوەکان بکەنەوە. هاوینی ١٩٧٤ پڕ بوو لە گیروگرفت : گەلەک بۆ سەرنجراکێشانی ئێمە ، هاواریان لێهەڵسا ؛ لە ئایاردا ، گەشتە هات و چۆکەی سوریام ؛ لە حوزەیراندا ، سەردانەکانی سەرۆک بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و یەکێتیی سۆڤیەت ؛ لەتەممووزدا ، کارەساتەکانی قوبرس «١١» ؛ لەئابدا ، لابەلاکردنەوەی سەرۆکایەتی نیکسن ؛ دوای ئەوە ، قۆناغی گواستنەوە ، دەرکەکردنەوەی پێوەندی نێودەوڵەتی ، سەرنەگرتنی یاسای بازرگانی ، گەشەکردنی دیپلۆماسی تەگەرەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ، لە کۆتاییدا ، زیانی کارەساتی هیندی چینی . کات زۆرکەم مابوو بۆ پێداچوونەوەی ڕژێمی هاوکاری و ئیختیار لە ناوچە دوورە دەستەکانی کورددا، ئەگەرچی کاربەدەستانی بڕیاری سیاسەت هیچ نەبوو لە ڕوویاندا بووەستێ ، بەڵام من پێم وایە ، جگە لەوەی پڕۆگرامەکەیان درێژە پێبدایە ، شتێکی باشتر نەبوو بیکەن. ئەگەر ئێمە لە ١٩٧٢ دا دەستمان نەکردایە بە پڕۆگرامی نهێنیی هاوکاری کوردەکان ، ئەوان زۆر خێراتر تێدەشکان. بیست ساڵ دەست تێوەردانی ئێمە ، بۆتە مایەی ئەوەی زۆرتر شارەزای شێوەی کاروباری سەددام حسێن بین و گومانی نەهێشتبۆوە کە کوردەکان بە ئاسانی چارەنووسی خۆیان بە دەستەوە دەدەن. بە هاتنی هاوینی ١٩٧٤ ، ئیختیاری ئێمە پێشنەکەوتبوو. مەگەر بە ئامۆژگاری CIA بجوڵاینەوە و چ کۆمەکێکی زیادەمان نەکردنایە، بەدڵنیاییەوە کوردەکان هەرەسیان دەهێنا. ئێمە هیچ ڕێگایەکی هەڵبژاردەمان بۆیارمەتی ئاشکرا نە بوو لە شەڕدا ، چونکە لە ڕووی لۆجستییەوە - Logistically زەحمەت بوو ، زۆر دوور بوو ، بۆ میللەتی ئامریکا زۆر نادیار و نا ئاشکرا بوو بۆ سەرکەتن. بارزانی دەستتێوەردانی ئاشکرای ئێرانییەکانی بە پاڵپشتی وولاتە یەککگرتووەکان داوا دەکرد ، بەڵام کردنەوەی بەرەیەکی دی لەگەڵ ڤێتنامی دانەمەزراودا ، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی پڕ لەسەرچڵی وترس، هەروەها دەرکەکردنەوەی پێوەندی نێودەوڵەتی لەژێر هێرش و دژمنایەتیدا دەبووە مەترسی بۆ چارەنووسی هاوپەیمانیێکی دی " ئێران " کە بە دڵنیاییەوە لەلایەن کۆنگرێسەوە دەدرایە دواوە. لە ٢٦ی ئابی ١٩٧٤ دا ، کاتێک سەرۆکی تازەم بەکورتی دەربارەی عەمەلیاتی هاوکاری کورد ئاگادارکرد ، پێم ڕاگەیاند کە شا بیری لەوە کردۆتەوە هێزی ئاسایی بنێرێ. " شا پێش ئەو کات سەبازی ئێرانیی بە بەرگی کوردییەوە نارد بوو " بە هەرحاڵ ، من لەوە بە ئاگام هێنانەوە کە کاری ئاوا بە ئاشکرا مەترسییەکی زۆر دروست دەکاو بە ئاسانیش کۆتایی نایەت. مەگەر من لە لایەن فۆرد - Ford بە کەللە ڕەقی و پێچەوانەوە پێم ڕابگەیەنرێ. من بۆ خۆم ، ئارەزووم وابوو بابەتەکە واز لێبهێنرێ ، سەرۆکیش سوور نە بوو لە سەری.

ڕووداوەکان دژو پێچەوانە ببوونەوە : من دوو بەدیلی کاتی ئاساییم هێنانە پێشەوە ، کۆمەکی ئابووری ئاشکراو ئاسایی بۆ پەنابەرە کوردەکان دیاری بکەین ، هەروەها لە ٢٦ی ئابدا ، فۆرد ـ Ford پڕۆگرامی

## کارەساتی کوردەکان - هێنری کیسینگەر

سەفیری ئیسرائیل سمیحادینتیز ـSimcha Dinitz و من کە چەند هەفتەیەک بوو بە گەشە کردنیەوە خەریک بووین لە لایەن فۆردەوە پەسەندکرا ، ڕازی بوونەکە بریتی بوو لە گەواستنەوەی ئەو کەل و پەلە جەنگییەی سۆڤیەت کە لە شەڕی ١٩٧٣ دا لە لایەن ئیسرائیلەوە دەستکەوتبوون بدرێن بە کوردەکان ، بەرامبەر ئەوەش ئیسرائیل چەکی ئامریکایی وەربگرێ " ئەمەش بووە بیروکراتییەکی دی و نارەحەتی چەند مانگێکی گفت و گۆ " . لە کۆتایدا مەبلەغی ٢٨ بیست و هەشت ملیون دولار نرخی چەکەمەنیەکانی سۆڤیەت تەحویل کرا تا ئیسرائیل چەکەکانی سۆڤیەت دەگەیەنێتە ناوچە کوردییەکان.

به هاتنی پایزی ١٩٧٤ ، هێرشی سوپای عێراقی لەدژی کوردەکان لەپێشکەوتندا بوو ، هاوارێکی بە پەلەی کوردەکانمان پێگەشت کە داوای کۆمەکی زێدەتریان دەکرد، " شا " ش پشتگیری دەکردن. هەموو ئەو داواکاریانە لەلایەن CIAیەوە دەخرانە لاوە. بۆ نموونە : لە ٢٢ تشرینی یەکەمی ـ October ١٩٧٤ دا کولبی ـColby ڕاپۆرتی دابوو کە زۆرترین ڕێگاکانی یارمەتیدانی بارزانی بۆ ئێران و سەرکردایەتی لەژێر مەترسیدان ، لەگەڵ ئەوەشدا کۆلبی " دژی زیادکردنی ئاستی کۆمەکی ئامریکا بوو بۆ کوردەکان " پێشنیازی کرد : چونکە نهێنی بوونی کارەکەی ، دەخستە مەترسییەوە. وەک ئەوەی نهێنگیری زۆر گرنگتربێ لە گرفتاربوونی چارەنووسی کوردەکان " کۆمەکی ئێمە بۆ بارزانی لە ساڵانی١٩٧٣ . ١٩٧٤ . ١٩٧٥ دا بە یەکەوە نزیکەی ٢٠ بیست ملیون دۆلار بوو بە ١٢٥٠ هەزار و دوو سەد و پەنجا تەن تۆپخانەشەوە.

هەرچی پێویستیەکی کوردەکان هەبوو ، ئێرانییەکان دەیان توانی یارمەتیان بدەن ، CIA پێشنیازی ئەوەی دەکرد کە یارمەتی زیادکردنی کوردەکان بۆ ئێرانییەکان بە جێ بهێڵرێ ". بەڵام ئەگەر شا لەو ٧٥ ملیون دۆلارەی کە ئێستا دەیانداتێ بەرەو ژوور بوو ، ئەوا ڕوو بە ڕووی هەمان کێشە دەبێتەوە کە ئیسرائیل تووشی بوو بوو ، بۆ یە لە کاتێکدا کە شا کارێکی وا بکا ، هێزەکانی خۆی پێ لاواز دەکا ، ئەوسا دەبێ ئێمە چەکەکانی بۆ بژمێرینەوە ، بەوەش خۆمان دووچاری سەر ئێشەیەکی بێ ئەنجام دەکەین لەگەڵ کۆنگرێسدا.

### هەرەسی بزوتنەوەی کوردەکان

لەو بارو دۆخەداو لە کاتێکدا عێراق هێدی هێدی لەپێشکەوتندا بوو ، شا بێ پێشەکی و لە پڕێکدا بڕیاریدا باوەڕی خۆی بگۆڕێ ، ئەو بۆ دوو ساڵ دەچوو هەستی بەدژوارێتی دەسەڵاتی سەرەوەی وولاتە یەکگرتوەکانی ئامریکا کردبوو ، هەرگیزیش نارازی هیچ شێوە بڕیارێکی جۆر بەجۆری ئێمە نە بوو بۆ یارمەتی کوردەکان ، پێدەچێ ئەوە لەبەر ترسێک بووبێ کە دەربڕینی گومان دەربارەی ویستی ئێمە ، پێوەندییەکانی لەگەڵ ئامریکادا لاوازبکا. ئەو پەیوەندییەی کە شا ئاسایشی وولاتەکەی خۆی لەسەر دروستکرد بوو. بەڵام کۆمەک بڕین لەهیندی چینی بەتایبەت لەو کاتەدا هاندەر نەبوو بۆ شا لەگەڵ عێراقدا بکەوێتە زۆرانبازییەکی ئاشکراوە ، " ئەوەش دوا هەلێک بوو بۆی مابێتەوە " یا نەی دەتوانی سنووری دوور و درێژی خۆی لەگەڵ یەکێتیی سۆڤییەتدا بخاتە پشتگوێ ئەگەر پێشەکی پشتیوانییەکی بەهێزی ئامریکای لەدەستدا

نەبوایە و بەڵێنی لێوەر نەگرتینایە ، ئێمەش لە جێگەو ڕێگەیەکی وادا نەبووین ئەوەی بۆ ئەنجام بدەین.

لەبەر ئەوە شا بڕیاریدا بە شێوەیەکی دیپلۆماسیانە پاشەکشەبکا ، لە کۆبوونەوەی ١٨ی شوباتی ١٩٧٥ دا لەزوریخ ــZurich لەکۆتایی گەشتەکەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستمدا بێ هیچ پێشەکی و ئینزارێک پێیڕاگەیاندم کە بیری لە گفت و گۆ کردۆتەوە لەگەڵ سەددام حسێندا ، منیش سەرۆک فۆردم -Ford بەم شێوەیە ئاگادار کرد :

**« دەربارەی مەسەلەی عێراق ، شا لەگەڵ گەورە پیاوی بەهێزی ئەو وڵاتە سەددام حسێن خەریکی تەدارەکی کۆبوونەوەیە ، ئەوەی ڕاگەیاند کە ناتوانێ قەوارەی شێوە سەربەخۆیەتی کوردەکان قبوڵ بکا ، نەبادا بکەوێتە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندی کۆمۆنیستی عێراقییەوە ، لەوەش دەترسێ کە عێراق کێشە لەسەر سنوورەکانی عێراق و ئێران بنێتەوە و ببێتە هۆی ئەوەی مەسەلەی کورد بگاتە بەردەم ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان کە بەڵای ئەوەوە کارێکە خۆزگەی پێناخوازێ ، بۆیە لەوە دەچێ لەگەڵ عێراقدا سەبارەت بە کوردەکان بگەنە ئەنجامێک ، ئەگەرچی دلنیانییە ئاکامێکی بەرجەستەیی لە کۆبوونەوەکەیان سەوزبێ ، هاوکات شا مەبەستێتی درێژە بە یارمەتیدانی کوردەکان بدا ».**

ئەوەم بیری شا هێنایەوە کە ئەو بەردەوام مەترسی ئەوەی هەبوو کە هەرەسی کوردەکان دەبێتە مایەی نائارامی لە هەموو ناوچەکەدا ، بەهۆشم هێنایەوە کە هەر بەڵێنێکی سەددام حسێن بیدا بۆ فەرمانڕەوایەتی ناوچە کوردییەکان ، شتێکی پووچەڵەو ناچێتە سەر ، هەر کاتێکیش سۆڤیەتییەکان هەستیان کرد ئێران لە پاشەکشەدایە ، ڕەنگە ئەوە بە لاوازی ڕۆژئاوا بزانن و بیکەنە بیانوو بۆ سەرچڵییەکی زێدەتر.

ئەو دەمــە، لە توانادا نەبوو یارمــەتی کــوردەکــان بەڕێگایەکی نهــێنی بەردەوام بێ، درێژەپێــدانی بزوتنەوەکەیان دەستێوەردانی ئاشکرای ئێرانییەکانی پێدەویست ، ئەوەش بە پشتیوانی وولاتە یەککگرتووەکان دەچووە سەر ، بۆ ئەو پرۆژەیە وادەزانرا کە دوو تیپی سەربازی و ٣٠٠ سێ سەد ملیۆن دۆلاری پێویست بوو. بە چاوگێڕانێکی ئێرانیەکان بە هەڵوێستی ئامریکادا لە هیندی چینی ، بۆیان دەرکەوت کە وەدەستهێنانی ئەو جۆرە سیاسەتە لەناوخۆی ئامریکادا ، پشتیوانی لێناکرێ، ماوەیەکی کەم ، دوای چاوپێکەوتنەکەم لەگەڵ شادا ، لە ٢٢ی شوباتدا دینیتیز ـ Dinitizبەم شێوەیە ئاگادار کرد.

**"شا ترسی ئەوەی هەیە کوردەکان بکەونە تەنگ و چەڵەمەوە ، بۆیە کە لە کۆنگرەی ئۆپێکOPECلەگەڵ عێراقییەکاندا پێک بگەن ، ڕەنگە گفت و گۆیان لەگەڵدا بکا ، بەو مەرجەی ، دوای لابردنی بارزانی لەمەیدانەکەدا ، شا مافی ڤیتۆی هەبێ بۆ ئەو کەسەی جێی دەگرێتەوە. لەم ڕووەوە من بە توندی تەحزیرم کرد. "**

دوای بڵاوکردنەوەی ڕێککەوتنەکەی شا و سەددام حسێن ، لە ٩ی مارتدا ڕابین «١٢»ـ Rabin م بە دوور و درێژی ئاگادار کرد :

# کارەساتی کوردەکان - هێنری کیسینگەر

**"لە زویریخ ــZurich ، شا بە شێوەیەکی ئیفتیرازی لە بارەی پێوەندی بە عێراقیەکانەوە ، پێی ووتم " ئەگەر لە ئەلجەزائیر لە کۆبۆنەوەی ئۆپێکدا سەددام ببینم .{ ئەمەی وەک فیکرەیەک باس کرد.} لەو کۆبونەوە ، چی لێ سەوز دەبێ، من زۆر بە توندی عەرزم کرد کە هەتا بلێی فیکرەیەکی خراپە ، بە تایبەتی ئەو بیرەی کە ئەو پێی وابوو سەددام دلنیای دەکا کە بەڕێوەبردنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردەکان ناخاتە ژێر دەستەڵاتی کۆمۆنیستەکانەوە."**

شا هێمیایەکی نەکرد بەوەی کە ڕێککەوتنەکە نزیکە ئەنجام بدرێ ، یا ڕازی دەبێ عێراق کۆنترۆلی هەموو ناوچە کوردییەکان بکا ، هەر بۆیە من سوور بووم لەسەر هاندانی بارزانی. لە ٢٠ی شوباتدا لەوەرامی نامەیەکیدا کە پێشنیازی کۆبوونەوەی دوو بەدوومانی کرد بوو ، بۆم نووسی :

**گەیشتنی پەیامی ٢٢ی کانوونی دووەمتان ، ئێجگار شادمانی کردم. دەمەوێ ئەوە بزانن کە تێکۆشانی دلاوەرانەی ئێوە و میللەتەکەتان مایەی ڕێزو پێزانینی ئێمەیە ، وەک باستان کردووە کێشەو دژوارییەکانی ڕوو بە ڕووتان بۆتەوە سەختن ، من چاک لەباری سەربازی و سیاسیتان تێدەگەم ، لەبەر بایەخی تایبەتی ئێوە لای ئێمە دلنیاتان دەکەم کە پەیامەکەتان بە بەرزترین پایەی حکومەتی وولاتە یەککگرتووەکان دەگا.**
**ئەگەر پێتان خۆشە نوێنەرێکی باوەڕپێکراو و نهێنی بنێرن بۆ واشنتن بۆ ئەوەی زیاتر زانیاری و ئاگاداریمان بدەنێ، ئەوا خۆمان بە سەر بەرز و پێخۆشحال دەزانین پێشوازی لێبکەین."**

دوای تۆزێک لە دوو هەفتە درەنگتر ، لە ٦ ی مارتدا ، وەختێک من بە تەدارەکی گەشتە هات و چۆکەمەوە لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست خەریک بووم ، بە ڕێککەوتنی شا لەگەڵ سەددام حسێن هەموومان واقمان وڕما ، بە پێی ڕێککەوتنەکە شا ئیمتیازی لە شەتاوی عەرەبان وەرگرت و دانرا بە سنووری نێوان ئێرانییەکان و عێراقییەکان ، لە ئەنجامدا هەموو سنوورەکانی لە ڕووی کورددا داخست و دەستبەرداریان بوو.

لەسەر ئاستی ئینسانی ، کارەکەی شا دڕندانە و بێ بەزەییانە بوو ، قابیلی بیانوو هێنانەوەش نە بوو ، بەلام لە ڕووی سەرنجی پاراستنی ئێرانەوە، بڕیارێکی تێگەشتووانە بوو ، هەروەک چۆن بە ئازاریش بوو ، تاکە کارێکی لە ئێستادا بۆ یارمەتی کوردەکان بکرێ ، دەستێوەردان و هاوکاری ئێرانیەکانە ، نرخەکەشی بە دڵنیاییەوە لە سەروو ٣٦٠ ملیون دۆلارەوە دەبێ کە بارزانی لە ١٩٧٤ دا داوای کرد بوو. وولاتە یەککگرتووەکانی ئامریکا سەرگەرمی لابەلاکردنەوەی هیندی چینی بوو ، نەیدەتوانی بیر لە بەرەیەکی دی سەربازی بکاتەوە و کۆنگرێس وا لێبکا تەنانەت پشتیوانی سیاسی لەکوردەکان بکا.

**" دەربارەی کێشەی کورد ، دەتوانم شتێکی کەم بخەمە سەر ئەوەی کە لە کۆبوونەوەی ئەو دواییەی نێوانماندا وتبووم ، ئەمە مەسەلەیەکە بە تەواوی پێوەندی بە بەرژەوەندی وولاتەکەتانەوە هەیە و چۆنی بە چاک دەزانن بڕیاری لەسەر دەدەن. سیاسەتی ئێمە ، ئەوەیە**

**؛ وەک دۆستێکی نزیک و خۆ ڕاگری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئامریکا تەماشاتان دەکەین و هەمیشە پشتیوانیتان لێدەکەین. چاوەدێری گەشەکردنی پێوەندی بەرژەوەندی عێراق ـ ئێران دەکەم ، هەروەها سیاسەتی عێراق لە ناوچەکەدا بە گشتی و بەرامبەر یەکێتی سۆڤیەت بە تایبەتی ".**

کاتێک هەموو شتێک کۆتاییهات ، کاربەدەستانی پێشووی مەیدانی ململانێکە دەستیان کردە هێرش بردنە سەر کارگێڕێتی فۆرد ـFord Administration بەگشتی و من بەتایبەتی، لەسەر ئەوەی گوایا کوردەکانمان بۆ چارەنووسی خۆیان بە جێهێشتووە. بەڵام ئاشکرا بوو کە شا پێشەکی بڕیاری دا بوو وازیان لێبێنێ ، ئێمەش نەمانتوانی هیچ کارێکی ستراتیژی یا ڕواڵەتی وابکەین پەشیمانی بکەینەوە. هەندێک لەوانەی ڕەخنەیان لێدەگرتین پێشنیازی ئەوەیان دەکرد بەیارمەتی لێبڕین هەڕەشە لە شا بکەین ، هەڵبەت ئەوە کارێکی نەکردە بوو. چۆن دەکرا هاوپەیمانێکی بایەخداری وەک ئێران بە تەنێ تووشی جەنگ بکەین " کە ئەوە بە چارەسەر دادەنرا بۆ یارمەتی کوردەکان " ، لە کاتێکدا کۆنگریس کوردە هاوپەیمانەکانی بە جێهێشتبوو ، چەقۆ لەسەر ملیان دانرا بوو.

ڕووداوەکانی کەوتنی شا دەریان خست کە ئێرانی دۆستمان هۆکارێکی سەرەکییە بۆ پاراستنی تەوازنی ناوچەکە و جیهان ، وەلاخستن و خراپ مامەلە کردنی دپلۆماسی لەگەڵیدا و بڕینی یارمەتی ئەوەیان دەرخست کارێکی خراپ و نا بەر پرسیارێتییە ، بۆیە نە پاراستنی بەڵێنی بەرگریکردن لە ئێران کارێکی نامەعقول بوو ، خزمەتی بەرژەوەندی جیۆسیاسیمانی نەکرد. لێرەوە من جارێکی دی کۆیلەکردنی میللەتێکی دیکەی دۆستمان بینی ، چونکە کردەوەی شا و ناجۆری و پەشێوی کێشە ناوخۆییەکانمان بوونە مایەی لەدەستچوونی مەسەلەکە.

خەباتی کوردەکان هەرەسی هێنا ، بە پێی بەرنامەی کارکردنی ئاسایی ، واشنتن دەستی کرد بە دابەشکردنی گلەیی ، کۆلبی یەکەمین کەسێک بوو بێتە قسە ، لە ١٣ی مارتدا ، موناسەبەتی داخوازی نائومێدانەی بارزانی کە داوای یارمەتی ڕاستەوخۆی ئامریکای دەکرد ، بە پیرەوە چوونی بارزانی، CIA بە سەرچڵیەکی بەرفراوانی دەزانی ، کۆڵبی دەنووسێ و دەڵێ " لەبەر ئەوەی سیاسەتی ئامریکا لە ڕێگای ئێرانەوە ئەنجام دەدرا ، هەر یارمەتییەکی ڕاستەوخۆی کورد لە ئێستادا کە بزوتنەوەکەیان ڕووخاوە، دەبێتە کەمتر قابلیەتی بەرگری وەک لە ڕابوردوو" ئەو بەگومان بوو لەوەی کە شا یارمەتی خۆی بۆ کوردەکان کۆتایی پێهێنابێ ، بۆ ئەوەی کات بەسەر بەرێ ، کۆڵبی سوور بوو لەسەر ئەوەی کە داخوازی کورد پێویستی بە باس و لێکۆڵینەوەیە ، ئەمەشی دانا بوو تا من لە گەشتە هات و چۆکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەگەڕێمەوە. بە پێی ڕاپۆرتی جاسوسەکانیشی زۆر چاک دەیزانی کە دواخستنی. ئێجگار درەنگی لێبە سەر دێنێ. هاوکات کۆڵبی پێیوابوو لەگەڵ ئەوەشدا کە تین و تاوێکی کوردەکان هەیانبوو بۆ بەردەوامبوون و یارمەتی CIA ی مانگی مارتیش درا بوو، بەڵام دەبوایە کارەساتەکە بەسەر کوردەکاندا بهاتایە.

کە بارودۆخەکە ڕوونتر بۆوە ، نوێنەرانی کۆڵبی لە مەیدانی ڕووداوەکاندا نەیاندەتوانی خۆ بێ

هەڵوێست و پێوەندی ڕابگرن ، لێرەوە ، وا دەزانرا هەرچی یارمەتییەکی زێدەتر هەیە بەکوردەکان بدرابا ، بێ کەڵک دەمایەوە و نەدە بووە پاڵپشتێک هەرەسی کوردەکان ڕابگرێ. هیچ نەبێ ئەمە ئەوە بوو کە کۆلبی کۆشکی سپی White House پێئاگادار دەکرد.

کاتێک سەددام حسێن بە هەموو هێزو توانایەکییەوە هێرشی بەرفراوانی دەست پێکرد ، نوێنەرانی CIA لە ناوچەکەدا ، سەبارەت بەو کارەساتەی لە دەوروبەریاندا تەقییەوە دەستە پاچە کەوتبوون ، ئەو دەمە من لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست لە هات و چۆ کردندا بووم ، ئەوان هاواری سەرکردە هیوا بڕاوەکانی کوردیان بۆ یارمەتیدانیان دەنارد بۆ واشنتن. هیچ وەرامێکیان نەدەبیست ، بۆیە سەرنجی توڕەیی و نامەی توندیان بۆ دەنووسین. وەک لە هیندی چینی ڕوویدا ، لێرەش خۆ بە بەرپرسیار نەزانین و گلەیی لەسەر خۆ لابردن دەخرایە سەر یەکێکی دی ، لەو بارەوە گشت ئۆباڵێکیان ڕوو بە ڕووی ئیدارەکەی من - وەزارەتی دەرەوە دەکردەوە. لەگەڵ ناڕازی بوونی CIA یشدا ئەوی ڕاستی بێ بۆ ساڵێک، چی یارمەتییەکی ئامریکا هەبوو بۆ کوردەکان لە ئەنجامی تەقەلای منەوە بوو ، هۆ ی ئەوەش کە وەرامی هاواری کوردەکانم نەدەدایەوە ، نەم دەتوانی هیچ بڵێم ، ئەوانەی ڕاپۆرتەکانیشیان دەنووسی چاک ئەوەیان دەزانی ، ئێرانیەکانیش هێند دەمار توند بوون پێشوازی بیروباوەڕی ئێمەیان نەدەکرد و سەرجەم دەروازەی سنوورەکانیان داخستبوو ، بۆیە هاوکاری ئێمە بە فریای کوردەکان نەدەکەوت.

کارەساتی کوردەکان ، بە ناخۆشی و سەختی کۆتایی هات. دوای بیست ساڵ بەسەر ئەو هەرەسەدا ، بە هۆکاری بچوکترەوە ڕوویدایەوە ، بوارنەدانی هۆکاری جوغرافیا ، هاوجووت نەبوونی بزوێنەرەکان لەسەر بەشێک لە وولاتە دراوسێکان ، ناکرێ هەموو بخرێنە ئەستۆی یەکێک لە ناو کوردەکان خۆیاندا. ئەوانەش کە لە دواییدا بیانووی ئەخلاقیان دەربارەی " گاڵتەجاڕی " و " تاوان " دەهێنایەوە بە بێ دەنگی مانەوە و خراپتریش بوون ، دەربارەی کارەساتە مەزنەکەی لە هیندی چینی ڕوویدا هیچ بە دیلێکیان نە دۆزیەوە و پێشنیازی کارێکیان نەکرد لە تواناادا بێت تا ئێمە ئەنجامی بدەین.

ئەگەر لە کارەساتی کوردەکان بکۆڵینەوەو بە سەرنجەوە تەماشای بکەین ، دەمانگەیەنێتە چەند ئەنجامێکی جۆر بە جۆر :

- پێویستی ڕوونکردنەوەی ئامانجەکان لەسەرەتاوە .
- بەراوردکردنی ئامانجەکان لەگەڵ ئیمکانیەتەکاندا.
- ناو بەناو چاوگێڕانەوە بە عەمەلیاتەکاندا .
- گرنگێتی بوونی پەیوەندی مەنتیقی لە نێوان هاوپەیمانەکاندا ، ئەوی ڕاستی بێ، هەموو ئەو بنەمایانە لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی دی بایەخیان پێ دەدرا ، بەڵام دەڵێی چی کاروباری ئەوان لای یەکێکی سەرسام و هەڵخەڵەتاو بوو.

لەبەر گەلەک هۆ ، نەماندەتوانی کەرەسەی تەواوی سەرکەتن بەدەست بێنین ، هاوکات نەشمان دەویست بەرپرسیارێتی ئەنجامی وازهێنانی مەسەلەکە بگرینە ئەستۆ. بۆیە هەوڵماندا بەدیلی سەربازی

**صەباحی غالیب**

بخەینە لاوە بەو ئومێدەی بەرە بەرە دەردی سەرییەکی زۆر بۆ دوژمن پەیدا بکەین. کاتێکیش خۆمان بە مەسەلەی کوردەوە گرێدا ، ئەوەمان بەبیردا نەدەهات کە کێشە ناوخۆیەکانمان چ تەگەرەیەکمان بەسەردا دەسەپێنن. کە بیر لە رووداوەکانی بیست ساڵی رابوردوو دەکەمەوە هیچ بەدیلێکی پەسەند کراو نادۆزمەوە. ئەگەر لە ١٩٧٢ دا دەستبەرداری کوردەکان بووینایە و عێراق سەربەستی تەرکیزکردنی لە کەنداودا ببوایە ئەوا باروودۆخی دبلوماسی لە رۆژهەلاتی ناوەراستدا بە جۆرێکی دی دەبوو، تایبەت لە کات و لە دوای شەری رۆژهەلاتی ناوەراست لە ئۆکتۆبەری ١٩٧٣ - بەلام بۆ کوردەکان ـ قوربانی هەمیشەیی مێژوو ، ئەوە تەسەلاو ئارامی و سەرە خۆشی نیە.

## پەراوێزەکان

١- هێنری کیسنگەر Henry Kissinger"١٩٢٣ - ".

د یپلۆماسی بەناوبانگی وولاتە یەکگرتووەکانی ئامریکاو زانای سیاسەت.

- لە شاری فویرس Fuerth لە ئەلمانیا لە دایک بووە.لە١٩٣٨دا بۆ وولاتە یەکگرتووەکانی ئامریکا باردەکاو لە ١٩٤٣ دا دەبێتە هاوولاتی ئامریکایی، ١٩٤٣ - ١٩٤٦ لە خزمەتی سوپای ئامریکادا دەبێ، لە ١٩٥٠ بکالوریوس بی. ئەی و لە ١٩٥٢ ماستەر ئێم. ئەی. و لە ١٩٥٤ دکتۆرا پی ئێچ. دی لە زانستگای هارڤەرد Harvard University تەواو دەکا،هەر لەوێش لە نێوانی ١٩٥٤- ١٩٦٩ کاردەکا،بەشی زانستی سیاسەت و ناوەندی کاروباری نێودەوڵەتی لەئەستۆ دەبێ.

-١٩٦٩دا دەبێتە راوێژکاری نیکسن بۆ کاروباری ئاسایشی نەتەوەیی.

- لە ٢٠-١-١٩٦٩ تا ٣-١١-١٩٧٥ وەزیری دەرەوەی ئامریکا دەبێ.

- لە ١٩٧٣دا خەلاتی نۆبلی ئاشتی دەدرێتێ لە بەرامبەر گفت وگۆو کۆتایی هێنانی جەنگی ڤێتنام.

-ئێستا سەرۆکی دەزگای کیسینگەرە بۆ کاروباری نێودەوڵەتی.

- یەکێکە لە گەورەترین ئەندازیارانی سیاسەتی ئامریکا لە چەرخی بیستەمدا،جێدەستی ئەو لە جەنگی سارددا.....بە ئاشکرا دیارەو بۆچوونەکانی لە نەخشەی سیاسەتی جیهانیدا تا ئێستاو دوورتریش بایەخی هەیەو دەبێ.

٢ـمەبەست لە هیندی چینی:ڤێتنامە.

٣ـ نیکسن ـریچارد Rechard Nixon "١٩١٣ـ١٩٩٤"

- سیاسەتمەداری ئامریکاو سی و حەوتەمین سەرۆکی ئەو وولاتە بوو،

- وەک ئەندامی پارتی کۆماری لە ١٩٤٦دا چۆتە کۆنگریسەوە،لە١٩٥٠دا بۆتە سیناتۆر.

- لەسەردەمی سەرۆک دواین ئەیزەنهاوەردا لە ١٩٥٣ـ١٩٦١،جێگری سەرۆک کۆمار بووە.

- لە ١٩٦٠ وەک پاڵێوراوی کۆمارییەکان چۆتە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتییەوە،بەڵام دەرنەچووە و چۆن کەنەدی بردویەتییەوە.

- لە ١٩٦٩دا دەبێتە سەرۆک کۆمار،سیاسەتی ئاشتی لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەتدا قبوڵ دەکا،دەرگەی پێوەندی دۆستایەتیشی لەگەڵ چینی کۆمۆنیستدا کردۆتەوە،لەشکری ئامریکای لە ڤێتنام کێشاوەتەوە.

- لە ئەنجامی تەنگ و چەڵەمەی وەتەرگەیتەوە Watergate کە تاوانبارکراوە بەوەی شەخسی دەستی تێدابوو،لەترسی ئەوەی بەڕەسمی لەبەردەم دادگادا وەک تاوانبار نەوەستێ، لە ١٩٧٤دا لەسەرەتای دووەمین خوولی سەرۆکایەتییەکەیدا دەستی لەکار کێشاوەتەوە.

٤ـ فۆرد ـجیرالدـ Ford Gerald "١٩١٣ - "

- لە ١٩٤٨دا وەک ئەندامی پارتی کۆماری بۆ کۆنگریسی ئامریکا هەڵبژێرراوە.

- بە ئەمینی و تێکۆشەرێکی گەورە نێوی دەرکردووە.

لە ١٩٧٣ دا نیکسن ـسەرۆک کۆمار دەیکاتە جێگری خۆی.

- کاتێک نیکسن لە ١٩٧٤ دا دەست لەکار دەکێشێتەوە،دەبێتە سەرۆک کۆمار.یەکەم کەسێک بووە بێ ئەوەی هەڵبژێررێ دەبێتە سەرۆک کۆمار.

- سی و هەشتەمین سەرۆکی ئامریکایە.

- یەکەمین کارێکی "لێخۆشبوونی نیکسن"بووە.

- لە ١٩٧٦ دا جیمی کارتەر جێگای دەگرێتەوە.

٥ـ ویلسن، ودرۆ Woodrow Wilson "١٨٥٦ ـ ١٩٢٤"

ڕێبەری پارتی دیموکراتی ئامریکاو ٢٨ بیست و هەشتەمین سەرۆکی ئەو وولاتە بووە لە ١٩١٣ تا ١٩٢١.

- لەخوولی یەکەمی سەرۆکایەتییەکەیدا بەرنامەیەکی فراوانی بۆ چاککرنی کاروباری ئامریکا ڕێکخست.

- لەگەڵ ئەوەشدا ، لەجەنگی یەکەمدا بەڵێنی دابوو بێلایەن بێ،بەڵام لەبەرئەوەی ئاڵمانەکان لەژێر زەریادا ئاشوبی زۆریان دەنایەوە،ویلسن لە ١٩١٧ دا لە دژی ئاڵمانەکان جەنگی جاڕدا.

- لە ١٩١٨ دا چواردە ماددەی بڵاوکردەوە،وەک بناغەیەک بۆ لەسەرکردنەوەی میللەتانی ژێردەست و بەرقەراری ئاشتی لە جیهاندانێوبانگێکی زۆری پەیداکرد و کوردیش ئومێدێکی زۆری پێبوو،ئەمە لە ئەنجامدا بووە بناغەی دروتکردنی کۆمەڵەی گەلان و پەیمانی ڤێرسای.

٦ـ مەبەست لە پەیمانی جەزائیرە لە ٦ ی مارتی ١٩٧٥دا لەنێوان سەددام حسێن و محەمەد ڕەزای دوای شای

ئێراندا.
٧ـ ئەلیکس کوسیجن .Alexei Kosygin "١٩٠٤ ـ ١٩٨٠"
ـ پیاوی دەوڵەتیی یەکێتیی سۆڤیەت بووە.
ـ لە ١٩٦٤ ـ ١٩٨٠ دا سەرۆک وەزیران بووە
ـ نێوبانگی کوسجین لە پارتی کۆمۆنیستدا لە چلەکانەوە بەرز ببۆوە و وەک شارەزایەکی ئابووری تێوری دەرکرد،
ـ لە ١٩٤٨ ـ ١٩٥٢ دا ئەندامی مەکتەبی سیاسی بووە،
ـ لە١٩٦٠ دا هەڵبژێرراوە بە ئەندامی دەستەی باڵای سەرکردایەتی یەکێتیی سۆڤیەت و لەگەڵ برجنێڤدا دەستەڵاتیان دابەشکردبوو.
٨ـ پێنتاگۆن Pentagon، ساختمانێکی ئێجگار گەورەی پێنج لاپیە،بنکەی سەرەکی هێزەکانی بەرگریی ئامریکایە،لەکاتی جەنگی دووەمدا لەساڵانی ١٩٤١ ـ ١٩٤٣ دا لە ڤێرجینیاـVirginia دروستکراوە.
ـ هەرسێ هێزی ئاسمانی و زەریایی و زەمینی ئامریکای تێدایە،
ـ گەورەترین ساختمانە لە جیهاندا کە لە ١٤ هێکتار فراوانترە بە ئەبکار دەکاتە ٣٤،
٩ـ گوڵدا مایرـGolda Meir (١٨٩٨ ـ ١٩٧٨)
سیاسەتمەداری ئیسرائیلی بووە
ـ لە رووسیا لەدایک بووە و لە ١٩٠٦ـ١٩٢١ لە ئامریکا گەورە بووە.
ـ لە١٩٢١ دا بۆ فەلەستین باری کردووە.
ـ ئەندامی دامەزرێنەری پارتی کاری ئیسرائیلی بووە و لە ١٩٦٦ـ١٩٦٨ سکرتێری گشتی بووە
ـ لە١٩٤٩ـ١٩٥٦وەزیری کار بووە.
ـ لە١٩٥٦ـ١٩٦٦وەزیری دەرەوە بووە.
ـ لە١٩٦٩ـ١٩٧٤سەرۆک وەزیران بووە،لەبەرئەوەی ئیسرائیلیەکان زۆر بەئاگا نەبوون لەشەڕی ئۆکتۆبەری ١٩٧٣دا ئەم لە١٩٧٤دا واز لەکاردێنێ.
١٠ـ وۆتەرگەیتـWatergate
تەنگییەکی سیاسەتی ئامریکا کە بووە هۆی وازهێنانی سەرۆک نیکسن، هەوڵدانێک بووە بۆ دزیکردن لە بنکەی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتدا،ساختمانێکە بەو ناوەوە و ئەندامانی هەڵبژاردنەوەی نیکسن لەجاری دووەمدا هەندێ تاوانیان کردبوو لە بەرژەوەندی دەرچوونەوەی نیکسن، ئەمە ئاشکرا بوو،ئەنجوومەنی سینەتۆرەکان و وەزارەتی داد کەوتنە لێکۆڵینەوەی، نیکسن خۆشی تاوانبارکرا، لەترسی ئەوەی لەدادگادا ڕای نەگرن و تاوانبار نەکرێ بەڕەسمی،دەستی لەکارکێشایەوە.
١١ـ قەیرانی قوبرس.
لە١٩٧٤دا کودەتایەکی سەربازی لەقوبرس دەقەومێ و یۆنان بە گەرمی پشتیوانی لێدەکا،لە تەمموزی ١٩٧٤ دا

## کارەساتی کوردەکان - هێنری کیسینگەر

تورکیا سەرووی قوبرس داگیر دەکا و زەمینەی بۆ دابەشکردنی دووەگەکە دەرەخسێنێ و لە ئەنجامدا کۆماری قوبرسی تورکی دادەمەزرێنن کە تا ئێستا جگە لە تورکیا هیچ وولاتێک بەرەسمی نەیناسیوە. لەوساوە ئەوکارەی تورکیا بۆتە هۆی گرژییەکی توند لە نێوان دوو وولاتی ئەندامی ناتۆ - تورکیا و یۆنان.

١٢- ئیسحاق ڕابین Rabin (١٩٢٢ - ١٩٩٥)

- لە١٩٦٤ - ١٩٩٨دا سوپا سالاری لەشکری ئیسرائیلی بووە
- لەشەڕی ٦ ڕۆژەی حوزەیرانی ١٩٩٧ی نێوان عەرەب و ئیسرائیل ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی جەنگەکەی کردووە.
- لە ١٩٦٨ - ١٩٧٤ سەفیر بووە لەواشنتن.
- ١٩٧٤ - ١٩٧٧ سەرۆک وەزیران بووە.
- لە ١٩٩٢ - ١٩٩٥ بۆ جاری دووەم بۆتەوە سەرەک وەزیران.
- لە ١٩٩٣ دا لەگەڵ یاسر عەرەفات بەڵگەنامەی ئاشتیی ئیسرائیل وفەلەستینی ئیمزاکردووە.
- ١٩٩٥ توندڕەوە ئیسرائیلیەکان لەسزای ئەوەی لەگەڵ فەلەستینییەکان پێکهاتووە، کوشتوویانە.